# کامیلا و مرۆڤە جیاوازەکان

نووسەر: پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی

وەرگێڕ لە زمانی ئێسپرانتۆوە:

شلێر کەریمی کانی





# کامیلا و
# مرۆڤە جیاوازەکان

نووسەر:
پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی

وەرگێڕ لە زمانی ئێسپرانتۆوە:
شلێر کەریمی کانی

خانی

سرشناسه: پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی
عنوان و نام پدیدآور: کامیلا و مرۆڤە جیاوازەکان / پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی؛
وەرگێڕ لە زمانی ئێسپرانتۆوە: شلێر کەریمی‌کانی
مشخصات نشر: سەقز: خانی ، ۱۳۹۷
مشخصات ظاهری: ۱۰۱ لاپەڕە ۲۱ × ۱٤/٥ سم.
شابک: ۰ـ۱۸ـ٦۲۷٤ـ٦۲۲ـ۹۷۸
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: کردی.
موضوع:
موضوع:
شناسه افزوده:
رده بندی کنگره:
رده بندی دیویی:
شماره کتابشناسی ملی:

# کامیلا و مرۆڤە جیاوازەکان

**پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی**

وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی : شلێر کەریمی‌کانی
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ـ۱۳۹۷ی هەتاوی
پیتچن و پەڕازێن: ئومید موقەددەس
دەزگای چاپ: بڵاوگەی خانی
شابەک: ۰ـ۱۸ـ٦۲۷٤ـ٦۲۲ـ۹۷۸
ڕووبەرگ: ئەسرین کاکی

سەقز، مەیدانی هەڵۆ،چاپەمەنی خانی، کتێبفرۆشی هونەر و ئەندیشە
پێوەندی: ۰۰۹۸۹۱۸۷۷۷۱٥۸٥
**www.kurdbook.ir**

# پێڕست

پێناسەیەک لە زمانی جیهانی ئێسپێڕانتۆ ........................ ٥
پێشەکی نووسەر بە بۆنەی وەرگێڕانی کوردی "کامیلا و ...." ............ ٧

## لە دونیای گەورەکاندا

دیداری یەکەم: لەگەڵ کامیلا ئاشنا بن ........................ ٩
دیداری دووهەم: بەڕێز یۆهانۆ ................................١٥
دیداری سێهەم : پوورە مارتا گیان ..............................٢١
دیداری چوارەم : دایەگەورە ماریاگیان ..........................٢٧
دیداری پێنجەم: فاتمە ........................................٣٣
دیداری شەشەم : بەڕێز پاولاک و خاتوو بولبول.....................٣٩
دیداری حەوتەم: بەڕێز کارلێتۆ ................................٤٥

## لە دونیای منداڵان و مێرمنداڵاندا

دیداری هەشتەم: ڕیکاردۆ ....................................٥١
دیداری نۆهەم: داریا.........................................٥٧
دیداری دەیەم: مارکۆ و گابرێیلا .............................٦٣
دیداری یازدەهەم: ئێمیلیا ....................................٦٩
دیداری دوازدەهەم : ڕۆبێرتۆ .................................٧٥

دیداری سێزدەهەم : هێنڕیکۆ ـ لاورا  و دارو دەستەکان .................. ٨١
دیداری چواردەهەم: بنەماڵەی پوورە هێرتا ................................ ٨٧
دیداری پازدەهەم: کیم، ئالێکس و ئێلینا .............................. ٩٣
دوا وتاری نووسەر بۆ ئێوە ...................................... ٩٩



# پێناسەیەک لە زمانی جیهانی ئێسپێرانتۆ

زمانی نێونەتەوەیی ئێسپێرانتۆ لەساڵی ١٨٨٧ (زایینی) (١٢٦٦ ی هەتاوی)دا بە دەس دوکتۆر لودویک لازارۆس زامێنهۆفی پۆڵەندی خولقا. ئێسپێرانتۆ بە هۆی بنەمای زانستی و ساکاری خۆیەوە سەرنجی بیرمەندان و زانایانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دونیای ڕاکێشاوە. بە هۆی تایبەتمەندیی ناوازەیەوە ڕێکخراوەی زانستی، کلتووری، پەروەردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونێسکۆ) لە ساڵی ١٩٥٤ (زایینی)دا بە زیاترین دەنگ بە پێی بڕیارنامەیەک لە سەر ناوی "زمانی نێونەتەوەیی و بێ لایەن"، زمانی ئێسپێرانتۆی بە فەرمیی ناسی و فێرکردنی ئێسپێرانتۆی بە هەموو وڵاتانی ئەندام ڕاسپارد. هەروەها "یونێسکۆ" بۆ بەرەوپیری چوونی سەدەمین ساڵیادی پەرەسەندنی زمانی ئێسپێرانتۆ لە ساڵی ١٩٨٦ (زایینی) (١٣٦٥) لە بڕیارنامەیەکی دیکەدا هاوکات لەگەڵ جەخت کردن لەسەر بڕیارەکەی پێشووی، پاڵپشتیی خۆی بۆ فێرکاری و پەرەپێدانی زمانی نێونەتەوەیی ئێسپێرانتۆ لە هەموو جیهاندا دووپات کردەوە.

هەندێ سەرچاوە، یووسف ئێعتسامی (ئێعتسام المۆلک) باوکی پەروین ئێعتسامی (خاتوونی شاعری ئێرانی) بە یەکەمین کەس ئەناسن کە ئێسپێرانتۆی بە ئێرانییەکان ناساند. لە ساڵی ١٣١٣ دا لە کاتی کرانەوەی زانکۆی تاران زمانی

ئێسپێرانتۆ لە وانەکانی ئەم زانکۆیە بووە.

زمانی ئێسپێرانتۆ (Esperanto) ناسراوترین زمانی زانستی یان باڵادەست ترین زمانی دروستکراوی جیهانە کە لە ناو زمانە ساختەکاندا لە هەموو جیهاندا زیاترین ئاخێوەری هەیە. بە کەسێک کە بە زمانی ئێسپێرانتۆ قسە ئەکات یان کەڵکی لێ وەرئەگرێت ئێسپێرانتیست یان ئێسپێرانتۆزان ئەگوترێت. ناوی ئەم زمانە لە نازناوی دوکتۆر لودویک زامێنهۆف، خولقێنەری ئەم زمانە نێونەتەوەییەوە وەرگیراوە. یەکەمین کتێب کە ئەو بۆ پێناسە و فێرکاری زمانی ئێسپێرانتۆ نووسیویەتی، بە نازناوی "دوکتۆر ئێسپێرانتۆ" بە واتای " دوکتۆر هومێدوار" بڵاوی کردووەتەوە. ناوی ئەم کتێبە "Internacia lingvo" بە واتای "زمانی نێونەتەوەیی" بوو کە پاشان بە ناوی "کتێبی ئەوەڵ" یان "Unua libro" ناوبانگی دەرکرد. مەبەستی دوکتۆر زامێنهۆف - کە بە شانازی ئەوەوە، یونێسکۆ ساڵی ١٩٨٧ ی بەهۆی جەژنی سەد ساڵەیی زمانی ئێسپێرانتۆ "ساڵی زامێنهۆف" ناو نا - داهێنانی زمانێکی بێ لایەن و ئاشتی پەروەر بوو کە فێربوونی ساکار بێت و یارمەتیدەرێک بێ بۆ لە یەکتر تێگەیشتنی بەرانبەری هەموو خەڵکی دونیا.

تایبەتمەندیی ناوازەی ئەلفوبێی ئێسپێرانتۆ فۆنێتیک بوونی سەد لە سەدیەتی. بەو واتا کە دوای فێربوونی لە تەنیا چەند کاتژمێردا ئیتر هیچ کێشەیەک بۆ ئەو کەسەی کە سەرقاڵی فێربوونی بێژە کردن یان نووسینی وشەکانی ئێسپێرانتۆیە، بوونی نیە. چونکە هەر پیت و وشەیەک لە زمانی ئێسپێرانتۆدا تەنیا و تەنیا یەک جۆر نووسین و بێژەی هەیە. ئەلفووبێی ئێسپێرانتۆ ٢٨ پیتە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی ویکی پیدیا بکەن.




**سەرچاوە:** ماڵپەڕی ئینتێرنێتی ویکی پیدیا

# پێشەکی نووسەر بە بۆنەی وەرگێرانی کوردی "کامیلا و مرۆڤە جیاوازەکان"

خۆشیەکی زۆرە بۆ نووسەر ئەگەر ئاگادار بێت کە بەرهەمەکەی بە زمانەکانی دیکەش وەرگێڕدراوەتەوە. بەو هۆیەوە ئەتوانین بڵێین کە بەرهەمەکە ئەگات بە دەستی خەڵکی دیکەش و ڕەنگە هەستێک بباتە ناو دڵی مرۆڤەکان و هەستی سۆز و بەزەیی و کاردانەوەیان بجووڵێنێتەوە.

و هەورەها بە خۆشیەکی زۆرەوە بەخێرهاتنی وەرگێڕانی کوردی "کامیلا و مرۆڤە جیاوازەکان" ئەکەم کە خاتوو شلێر کەریمی کانی بە نازناوی ئێسپێرانتۆیی "Stelo verda" ئامادەی کردووە. (ناوی ڕاستەقینەی کتێبەکە بە پۆڵەندی و ئێسپێرانتۆیی، دیدار لەگەڵ مرۆڤە جیاوازەکانە) ئەم بەرهەمە لە بنەمادا بە زمانی پۆڵەندی نووسراوە و ئێستا بە زمانەکانی ئێسپێرانتۆ، ئینگلیزی، فەرانسە و ئاڵمانی چاپ کراوە، کەوابوو کوردی شەشەمین زمانە کە ئەم کتێبەی پێ چاپ ئەکرێت کە تیایدا دایک و باوکەکان و مامۆستاکان لە ڕێگەی چیرۆکەکانی ناو کتێبەکەوە لەگەڵ فێرکاری نێوان فەرهەنگی ئاشنا ئەبن .

هیوادارم کە خوێنەرانی کوردزمان لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ساکارە چێژ وەرگرن و کات و ساتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەرن.

لە بەسەرهاتەکانی کامیلا و ئاشناکانی چێژ وەربگرن. لەگەڵ ئارمانە

بەرزەکانی فێرکاری نێوان فەرهەنگی ئاشنا ببن کە بریتین لە: وتووویژ، ئاشـتی، تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتر سەرەڕای جیاوازییەکان.

خوێندنەوەیەکی خۆش بۆ هەمووان

پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی

ئاگۆستی ٢٠١٨

# دیداری یەکەم: لەگەڵ کامیلا ئاشنا بن



**بابەتەکان:**
جۆراوجۆریی‌ناوەکان،
هەڵسووکەوتی نائاسایی،
نەخۆشین، دەنگۆ

سڵاو، من کامیلام.
دایک و باوک و باوەگەورەم بە "میلا" بانگم ئەکەن، بەڵام تەنیا ئەو کاتانەی وا لێم ڕازی بن، بە هەر حاڵ ئەگەر باش هەڵسووکەوت نەکەم یان زۆر بۆڵەبۆڵ و سکاڵا بکەم بە "کامیلا" بانگم ئەکەن. بە ڕای من "کامیلا" ناوێکی زۆر فەرمییە، ڕای ئێوە چییە؟ بەڵام وای ئەگێڕنەوە کە شازادە خانمێک بووە بە ناوی کامیلا و پێشم ناخۆش نییە خەڵک بەم ناوە بانگم بکەن، بەڵام دوایش هەر بیرێکی لێ ئەکەمەوە.

خۆم زیاتر خۆشم لە ناوی خۆماڵیانەی "کاما" دێت، دایکم ئەڵێت کە ئەمەش هەر وەک "میلا" ناوێکی جوان و خنجیلانەیە و ئەتوانم هەر دوو ناوەکەم ببێ چونکە هەموو هەر بەم دوو ناوە ئەمناسن. کەوابوو هاوڕێکانم، هاوپۆلەکانم، تەنانەت ماموستاکانیشم لە قوتابخانە هەر "کاما" بانگم ئەکەن. بە هەر حاڵ من بۆ خۆم ناوێکی تایبەتم هەیە. بە دڵنیاییەوە ئێوەش بۆ خۆتان ناوی تایبەت بە خۆتان هەیە. ئەگەر واش نەبێت، زۆر گرنگ نییە و ئێوەش ئەتوانن هەر ناوێکتان پێ خۆشە بۆ خۆتانی هەڵبژێرن. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی یەکتر بووین، بەڵێنتان پێ ئەدەم بە هەر ناوێک خۆتان پێتان خۆشە بانگتان بکەم.

سەرەڕای ئەوە کە ناوێکی تایبەتم هەیە، کچێکی ئاساییم. ڕەنگە ئاسایی تر لە من لە دونیادا نەبێت. خوێندنەوەی کتێبی نگارین، خلیسکێن و تەماشای بەرنامەی ئاژەڵان چێژم پێ ئەبەخشێت، کەمێکی‌تر کە گەورە بووم، دایک و باوکم ئەیانهەوێت سەگێک یان پشیلەیەک یان ڕەنگە بەرازێکی هێندیم بۆ بکڕن.جاریَ نازانم کام ئاژەڵی بچووک ڕابگرم چونکوو هەموو جاریَ ئاژەڵێکی نویَ دێتە بەرچاوم و هەر ئەمەش وام لیَ ئەکات نەتوانم بڕیارێک بدەم.

من لە قوتابخانەی سەرەتاییدا ئەخوێنم و دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە، لەگەڵ هاوڕێکانی دراوسێمان ئەڕوین بۆ دەورووبەری ماڵەکەمان و

سەرقاڵی یاری کردن ئەبین. زۆرم حەز لە سووپی تەماتەو و ئەو خەیارانەیـە کـە بە خامەوە ئەخورێن. ژاکەتێکی خەتخەتیم هەیە، دایەگەورەم بۆمی چنیوە. ئـەو ژاکەتم زۆر خۆش ئەوێت، دایەگەورەم بە هۆی پیـری و نـەخۆشـینەوە کـۆچی دوای کردووە، هەر بەم بۆنەشەوە جارجـار لـەگـەڵ دایـک و بـاوکم سـەردانـی باوەگەورەم ئەکەین کە ئەویش بە تەمەن و خـەفـەتبـارە. نـاوی دایـەگـەورەشـم "کـامیلا" بـووە و دایکـم ئـەڵێت کـە پـاش ئـەو، نـاوی منـیش کامیلایـە، سەرسوورهێنەرە چونکە کاتێک من لە دایک بووم ئەو هێشتا لە ژیانـدا بـوو کـە وابوو چۆن ناوی منیشیان هەروا ناوە؟! بە ڕاستی سەرم لیێ دەرناچێت، ڕۆژێک دەبێ دایک و باوکم ئەمەم بۆ ڕوون بکەنەوە.

زۆر دڵم پێوەیە لە دێ سەردانی باوەگەورەم بکەین، هەر چەند لە کاتی مـاچ کردنمدا ڕیشی زبری ئازارم ئـەدا و تونـد لـە باوشـم ئـەگرێـت بـەڵام دواجـار لەگەڵیدا کات و ساتێکی خۆش تێپەڕ ئەکەم. باوەگەورەم ڕۆژنامەنـووس بـووە و بۆ هەموو شوێنی دونیا سەفەری کردووە و لەگەڵ زۆرکەس وتووویژی کردووە و وێنەی لیگرتوون و پاشان هەمووی لە ڕادوێ گێڕاوتەوە و لـە گۆڤـاری ڕەنگیـدا چاپی کردوون. ئەم کارە بـۆ ئـەو ئـەستەم نـەبـوو چونکـە ئێسـپێڕانتۆزان بـوو. باوەگەورەم بە زمانی جیهانی ئێسپێڕانتۆ ئـەدوا و لـە سـۆنگەی ئـەم زمانـەوە لـە هەموو شوێنێک هاوڕێی زۆری هەیە، زۆر باشە نا؟

بـاوەگـەورەم ئـەڵێت دونیـا زۆر گـەورە و پڕنهێنـی و پڕشـکۆیە. ئـەلبـۆمی وێنەکانی لە قەفەسەکە دەردەهێنێت و باسی ئەو شوێنانەم بۆ ئەکا کە دیویەتـی. هەر چەند ئەتوانم هەموو ئەم شتانە لە تەلەفزیـۆن یـان ئینتێرنێتـدا ببیـنم بـەڵام ئەگەر لە زمانی بـاوەگـەورەم ببیسـتم تـام و چێژێکـی دیکـەی هەیـە چونکـە باوەگەورەم زۆر قسە خۆشە و ئەڵێت کە منـیش وەکـوو خـۆی فـرەوێـژم و بـەو حاڵەش هەر منی خۆشتر ئەوێت. باوەگەورەم کەسێکی تایبەتە نا؟

بە هۆی ئەم فرەوێژیانەوە ئێستا ئەزانم کە لە دونیـادا مرۆڤـی جیـاواز هەیـە.

هێندێک چکۆلەن وەکوو ئاگاتا، کچە بچکۆلەکەی دراوسێمان کە باوک و دایکی هەموو بەیانییەک ئەیبەن بۆ باغچەی منداڵان، هێندێکی دیکە باڵابەرز و زۆر گەورەن و پێڵاوی قەبە لە پا ئەکەن وەکوو باوکم. هێندێک بە تەمەنن وەکوو بەڕێز ئیرێک کە دراوسێی باوەگەورەمە. هێندێکیش منداڵن وەکوو ئیمیلیا چکۆلە کە لە قاتی یەکەمی ئێرەدا ئەژی و حەوتووی ڕابردوو ددانێکی کەوت. ڕواڵەتی مرۆڤەکان لە یەکترین جیاوازن. هێندێک دەم و چاویان خڕە وەکوو بەڕێز هێنریکۆ کە پاسەوانی شەوانەیە و حەزی لەوەیە ڕۆژانی یەکشەممە تا بینەقاقا پاستا بخوات. هێندێک قەڵەون و زیبکەیان بە سەر لووتەوەیە وەکوو پێترۆ لە قوتابخانە کە جۆرێکی سەرسووڕهێنەر قسە ئەکات و هەر کات کچێک لە لایەوە تێ ئەپەڕێت سوور هەڵئەگەڕێت، و هەروەها مرۆڤگەلێکی زۆر کە لە وڵاتانی دوور لە ئێمە ئەژین و لە زمانی ئێمەش بە هیچ جۆرێک تێ ناگەن.

بڕێکیانمان خۆش ئەوێت و ڕقمان لە هێندێکی دیکەیانە، منیش نازانم بۆ، جارجارێک ئەگەر پێشتر کوڕێکم نەناسیبێت لای خۆم وا بیر ئەکەمەوە ڕەنگە خۆشم لێی نەیەت بەڵام کاتێک ئەبین بە هاوڕێ، تێ ئەگەم کە کەسێکی دلۆڤانە و ئەتوانین پێکەوە یاری بکەین.

بۆ نموونە زەمانێک خۆشم لە بەڕێز پێترۆ نەئەهات چونکە سەگێکی گەورەی بوو و هەرکات لە داڵان تێدەپەڕی بە دەنگی بەرز دەکۆکا ،تەنانەت لە کاتی شەوانیشدا کە هەموو نووستبوون. جاری وایە بە دەنگی کۆکەکەی لە خەو ڕائەچڵەکەم  و بۆیە تەنانەت ئەترسم سڵاویشی لێ بکەم، سەرەڕای ئەمەش کوڕە گەورەکانی دراوسێمان ئەڵێن کە بە دڵنیاییەوە بەڕێز پێترۆ کەسێکی خراپەکارە چونکە هیچ مرۆڤێکی ئاسایی لە شەواندا لە ژێر باراندا لەگەڵ سەگەکەی ناچێت بۆ پیاسەکردن.

ڕۆژێک لە کاتی پیاسە کردن لەگەڵ دایک و باوکم، بەڕێز پێترۆ لێمان نزیک بووەوە و تێگەیشتم کە ئەویش مرۆڤێکی تەواو ئاساییە، تەنانەت هێشتی

دەس بە سەر و گوێلاکی سەگەکەشیا بێنم! پاشان باوکم پێی گوتم کە بەڕێز پێترۆ لە تەمەنی لاویدا، لە کارخانەیەکدا کاری کردووە و تووشی نەخۆشینی هەناسەسواری بووە، هەناسەسواری نەخۆشینێکە کە مرۆڤ زۆربەی کاتەکان دەکۆکێت بەڵام پەتا نییە. دۆکتۆر بە بەڕێز پێترۆی ڕاسپاردە، هەر کات هەستی کرد حاڵی باش نییە یا کاتێک هەناسەی سوار ئەبێت، لەگەڵ سەگەکەی بڕوات بۆ پیاسەکردن. ئێستا ئیتر من لەو ناترسم و جارجار پێکەوە لەگەڵ سەگەکەی لەم دەورووبەرەدا یاری ئەکەین.

باوەگەورەم ئەڵێت گرنگ ئەوەیە، دوای ئەوە کە کەسێکمان ناسی ئیتر لێی ناترسین، ئیتر بۆ ئێمە سەیر نین و زۆر شتی دیکەش ئەزانین و دوای ناسینی تێئەگەین کە ئەو کەسێکی ڕەزاسووک و دلۆڤانە، هەر چەندە پێشتر وا دیار بوو کەسێکی نەناسراو و خراپە. ئێستا ترێق ئە بمە وە پێشتر لەبارەی بەڕێز پێترۆ وام بیر ئە کردەوە.

باشە، ئێستا حەز ئەکەم چەند بەسەرهاتتان بۆ بگێڕمەوە، ئەم بەسەرهاتانە سەبارەت بە مرۆڤگەلێکە کە کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، بە دڵنیاییەوە بڕێک لەم کێشانە ڕاستن، چەند وەخت لەمەوبەر ئەگەر تووشی یەکێک لەو مرۆڤانە ئەبووم، بە دڵنیاییەوە دووبارە بۆچوونم وا ئەبوو و هەر ئەو هەڵەم ئەکرد کە پێشتر لەبارەی بەڕێز پێترۆم کردبوو و ئەترسام لەگەڵ بڕێکیان قسەش بکەم. سەرەڕای ئەمە، بەڕاستی ئەوان ناناسین! نەک بەهۆی ئەوەی ناویان تایبەتە وەکوو ناوی من، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لە ژیانی ئەواندا ڕووداوی جۆراوجۆر بووە، ئەوان لەگەڵ زۆرێک لە ئێمە جیاوازن و هەر بە هۆی ئەمەشەوە سەرسووڕهێنەر دیارن وەکوو قارەمانە ڕاستەقینەکانی ناو حەقایەتەکان.

ئەگەر بە تەنیایی ئەم کتێبە ئەخوێننەوە و سەرتان لیێ دەرناچێ، لە دایک و باوک یان ماموستاکەتان یان باوەگەورەتان (ئەگەر هێشتا لە ژیانا ماوە) یان لە کەسێکی جێگای متمانە داوا بکەن کە یارمەتیتان بدات.

زۆر باشە، من ئەبێت دەسبکەم بە گێڕانەوەی چڕ و پڕی بەسەرهاتەکان. ساڵەها لەمەوبەر ... لە ئاخری دونیادا .... حای حای، بەڕاستی ئەم دەسپێکە هیچ باش نییە! ئەم حەقایەتانە کە من بۆ ئێوەی ئەگێڕمەوە، چیرۆک یان ئەفسانە نین، ئەگەری ئەوە هەیە دوێنێ یان هەر لەم نزیکانە ڕووی دابێت ! کە وابوو ئەوانە زۆر بە شێوەی ئاسایی دەسپێدەکەن.



# دیداری دووهەم: بەڕێز یۆهانۆ

**بابەتەکان:**
**جیاوازی تەمەن و ڕەگەز،**
**پیری ـ نەخۆشین دەروونی،**
**کار و ڕواڵەتی نائاسایی،**
**تەنیایی، شەڕ، ئوردووگای**
**دیلەکان، مەرگ، بیرەوەری**
**ئازاردەر**



میکائیل هەر لە گوندی باوەگەورەم ئەژی. بە تەمەن لە من گەورەترە و هەر بەم بۆنەشەوە زۆر لە خۆ باییە. بابەتێکی هاوبەشمان بۆ باس کردن نییە چونکە ئەو حەزی لە یاری کۆمپیۆتەر و ئۆتۆمۆبێلە، بەم حاڵەش، کاتێک کە دایک و باوک و باوەگەورەم سەریان بە کاری خۆیانەوە قاڵە، تەنانەت لەگەڵ میکائیلیش یاری ئەکەم چونکە هیچ هاوڕێیەکی کچم نییە، جاری وایە تەنانەت کوڕێکی دێزیش لە هیچ باشترە.

میکائیل باوەگەورەیەکی هەیە کە ڕەنگە سەیرترین مرۆڤی دونیا بێت! یەکەم جار هەرگیز نەمئەزانی کە ئەو باوەگەورەی میکائیلە چونکە هەموو بەڕێز یۆهانۆ بانگیان ئەکرد. بنەماڵەکەی، دراوسێکانی، پۆستەچی و بە کورتی هەمووی هەر هەمیشە وا بانگیان ئەکرد. میکائیل ئەڵێت کە لەو کاتەوە وەبیری دێتەوە هەروا بووە.

بەڕێز یۆهانۆ لەگەڵ کەس قسە ناکات، تەنیا تەماشا ئەکات، بەڵام جۆرێکی سەیر، وەک ئەوەی نەبینێت، وا دیارە قەت پێناکەنێت بەڵام بە قورسی هەناسە هەڵئەکێشێت . سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوە هەوا گەرمە بەڵام هەمیشە کڵاوێکی پەشم و ژاکەتێکی ئەستوور لەبەر ئەکات! سەرسووڕهێنەرە، نا؟ ڕۆژێک لە پشت بنچکێکدا دیم، سوێند ئەخۆم لەگەڵ خۆی یان کەسێکی نادیار قسەی ئەکرد! هەر نازانم شتی وا چۆن ئەبێت، وەک تۆ بڵێی هێندێک کەس قسە لەگەڵ کەسانێک ئەکەن کە هەر خۆیان ئەیانبینن!؟ بۆ وێنە لەگەڵ تارماییەکان؟ ئەی باوکە گیان! من زۆر لە تارماییەکان ئەترسم! بەڵام وادیارە بەڕێز یۆهانۆ ناترسێت.

لە هەوا خۆشیدا، زۆر کات لە سەر کوورسییەک لە بەر ماڵەکەیاندا دائەنیشێت و نانی وشکی ئەخوات. ئەزانم ئەم کارە بۆ تەندرووستی باشە، دایکم ئەڵێت کە بە هۆی خواردنی نانی وشکی، مرۆڤ ددانی ساغ و پێستی جوان ئەبێت. بەڵام بەڕێز یۆهانۆ ئیتر ددانێکی لە دەمدا نەماوە چونکە زۆر پیرە،

تەنانەت لە باوەگەورەشم پیرترە، بۆ پێستیشی ئیتر نانی وشکی سوودێکی نییە. چونکە لووت و ڕوومەت و گوێچکەکانی هەمیشە سوورن. کاتێک بە دایکمم وت دەم و چاوی بەڕێز یۆهانۆ شێوەی نیکۆلای پیرۆزی بیٚڕیش ئەدات دایکم کەمێک لێم تووڕە بوو و گوتی: ڕواڵەتی هێندێک لە مرۆڤەکان بەم شێوەیە، کەس بۆی نییە پیان پێبکەنێت. بەڵام خۆ من پێنەکەنیم!

جاری وایە کوتووپڕ لە سەر کورسییەکە باز ئەداتە خوارەوە و هەڵدێت، وەکوو ئەوەی لە دەس کەسێک هەڵبێت. هەر هەڵدێت و هەڵدێت و هەڵدێت لە ئاکامدا خۆی لە پشت بنە گیاکاندا، لە پەنای دووکانێکی گوندەکە یان لە ژێر کوورسی وێستگەی ئوتوبووس ئەشارێتەوە. ئەو کات دایک و باوکی میکائیل زۆر بە پەرۆش ئەبن. هەموو ئەو دەورووبەرە لە دوای بەڕێز یۆهانۆ ئەگەڕن و پاش ئەوەی پەیدایان کرد ئەبێت زۆر لەگەڵیدا بدوێن تا بەو قەناعەتەی بگەیەنن کە پارێزراوەو و ئەتوانێت بگەڕێتەوە بو ماڵەوە.

لەم ڕووداوەدا، میکائیل زۆر قەڵس ئەبێت و تەنانەت بۆ یاری کردنیش ناچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هاوپۆلەکانی ئەڵێن کە خزمەکەی (باوەگەورەی) شێتە و بەم جۆرە گاڵتەی پیٚ ئەکەن، ئەگەر وایە و بەڕێز یۆهانۆ شێتە، بە دڵنیاییەوە میکائیلیش لە داهاتوودا شێت ئەبێت. میکائیلی داماو!

لە باوەگەورەم پرسی، چی بە سەر بەڕێز یۆهانۆ هاتووە؟ و ئایا بەڕاستی میکائیلیش شێت ئەبێت؟ باوەگەورە سەرەتا دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا (هەمیشە کاتێک بیر لە شتێک ئەکاتەوە، وا ئەکات) و پاشان کتێبێکی نەخشینی کە وێنەی ڕەش و سپی تێدا بوو، لە قەفەسەکەدا دەرکێشا. لە ناو ئەو وێنانەدا وێنەی داڵانگەلێک کە پێموابێت لە ئاسندڕک درووست ببوون، چەکدارەکان بە چەکەوە، خەڵکێکی زۆر بە جل و بەرگی خەتخەتی وەکوو جلی خەو، دیار بوون. لە ناو وێنەکاندا تەنانەت وێنەی تاقمیٚ منداڵی زۆر بچووک، زۆر لاواز و زۆر ترساویشی تێدا بوو. توانای ئەوەم نەبوو بە تەنیایی سەیری ئەو وێنە

سامناکانە بکەم، بەڵام باوەگەورەم بـە هێمنـی هـەمـوو شـتێکی بـۆم گێڕایـەوە. باوەگەورەم گێڕایەوە کە کاتێک بەڕێز یۆهانۆ زۆر لاو بوو، شەڕێکی گەورە ڕووی دابوو، ڕۆژێک مرۆڤگەلێکی خراپ هـاتن و ئـەو و بنـەماڵـەکـەیان لـە ماڵـەوە دەستبەسەر کرد و بردنیان بۆ ئۆردووگا، ئۆردووگا بـەندیخانەیـەکـی تایبـەت بـە کەسانێکە لە تەمەنی جۆراوجۆر کە بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، لەوێ ڕایـان ئەگرن. چەکدارەکان ئەوانیان بە بێگاری ئەگرت و لە بەر ئەو سەرمـا و سـۆڵەدا ڕایانئەوەستانن، خۆراکێکی زۆر کەمیشیان پێ ئەدان. هەر بەم هۆشەوە زۆرێـک لەم بەندکراوانە یان ئەمردن یان بە سەختی نەخۆش ئەکەوتن. هەر ئەو کاتـە لـە ئۆردووگاشدا لووت و ڕوومەتی بەڕێز یۆهانۆ سەرما بردی و زامدار بوون بۆیـە ئێستا، بەڕێز یۆهانۆ دەم و چاوێکی ناحەز و ناشیرینی هەیە و حەزی لە جـل و بەرگی ئەستوورە. هەورەها بە هۆی ئەوەی ساڵانێک بە برسیەتی ژیـاوە، کاتێـک گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە زۆر خوشحاڵ بـوو لـەوەی هـەمـوو ڕۆژێـک شـتێکی بـۆ خواردن هەیە بەڵام لەو کاتەوە ئەترسێت کە خواردەمەنییەکەی کۆتـایی بێـت و بەشی نەکات، بەو بۆنەوە هەمیشە ئەو نانە وشکانە ئەخـوات کـە پاشـەکـەوتـی کردووە.

بـەڕێز یۆهـانۆ لـە ئۆردووگـا هـەمـوو کـەسـە نزیکـەکـان و هێنـدێک لـە ناسراوەکانیشی لە دەس دا، دایکی بە دەس پاسەوانێکـەوە بـە فیشـەک کـوژرا، خۆی ئەو ڕووداوەی بە چاوی خۆی دی و قەت لە بیری نەچووەوە. ڕۆژێک بـە باوەگەورەی گوت کە خەون ئەبینێت لەگـەڵ دایکـی قسـە ئـەکـات، تـەنانـەت جارجار وا دیارە کە دایکی گەڕاوەتـەوە و لـە تـەنیشـتی ڕاوەسـتاوە و ئـەو کـات ئەمیش هەموو بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ دایکی ئەگێڕێتەوە. لـەو ڕۆژانـەی وا لـە هەموو ڕۆژێک خراپترن و بیرەوەرییە تاڵەکان بە سەریدا زاڵ ئەبـن، خـەون بـەو مرۆڤە خراپانەوە ئەبینێت، بەڕێز یۆهانۆ وەک ئەوەی دووبارە بووبێتەوە بە منداڵ، ئەیهەوێت لە وێنەکانی ڕابردوو هەڵبێت بۆیە وەکوو ئەو دەم وا لە ئۆردووگا بـوو


و ئەترسا کە کەسێک ئازاری پێ بگەیەنێت، خۆی ئەشارێتەوە.

ئێستا تێدەگەم کە کەس بۆی نییە بڵێت کە ئەو شێتە. زۆر بێ ئەدەبانەیە. باوەگەورەم ئەڵێت کە بەڕێز یۆهانۆ لە ژیانیدا ئازاری زۆری چەشتووە و ئێستا زۆر بۆی ئەستەمە کە لەو بیرەوەرییانە ڕزگاری بێت. بۆیە بڕێک سەرسووڕهێنەر هەڵسوکەوت ئەکات بەڵام هەمیشە مرۆڤێکی باش و هەستیارە و چیرۆکەکەی ئەتوانێت زۆر شت فێری ئێمەومانان بکات.

**ئەگەر تەنانەت کەسانێک جیاواز لەگەڵ زۆرینەی خەڵک هەڵسووکەوت بکەن، مانای ئەوە نییە کە ئەوان مرۆڤێکی خراپن یان ئەبێت خۆمان لێیان دوور بگرین. کەسانێک کە ژیانێکی زۆر ئەستەمیان تێپەڕاندووە، پێویستیان بە سەرنج و دلۆڤانی تایبەتە، تەنانەت ئەگەر حەزیشیان لە وتوووێژ نەبێت بە دڵنیاییەوە زۆر بەختەوەر دەبن لانیکەم کەسێک هاوڕێیان بێت. شوکور بۆ خوا ئەوان هەست بە خۆشەویستی و ئاسوودەیی ئەکەن.**



# دیداری سێیەم : پوورە مارتا گیان



**بابەتەکان:**
ڕواڵەت و کاری نائاسایی،
هەڵوارتە کردن، تەنیایی،
مەرگ، نەخۆشیی دەروونی،
خەمۆکی، بیرەوەری ئازاردەر

سبەینێ ڕۆژی لە دایک بوونمە! زۆر چـاوەڕوانم چونکـە دایـک و بـاوکم وەک هەموو ساڵێک ئاهەنگێکی بچووکم بۆ ئەگێـڕن. کـەیک و شـەم، شـەربـەت و مۆسیقا، میوانیشمان ئەبێت. زیاتر لە هەمووی حەزم لەو کاتەیـە وا میوانـەکـان چاویان بە یەک ئەکەوێت چونکە زۆر کەم ڕێ ئەکەوێت هەموو ئەو کەسـانەی وا خۆشیانم ئەوێت لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە، سەرەڕای ئەمەش هەموو بـە جـل و بەرگی جوان، بە بۆنی خۆش و گوڵ و دیارییەوە دێن و لە ئاهەنگەکەدا بـەشـدار ئەبن . زۆر خۆشە!

لەگەڵ دایک و باوکم جار جار سەردانی چەن کەسی جۆراوجـۆر ئـەکـەین وەکوو پووره مارتا گیان کە لەو پەڕی ڕووبارەکـەوە ئـەژی، بـاوەگـەورە و چـەن کەس لە مام و خاڵ و پوور و خزم و کەسی دیکە. لەوێ ئە توانم لەگەڵ پـوورزا و ئامۆزاکانم یاری بکەم، بەستەنی بخۆم، لاپەڕەی کتێبە جوانەکان هەڵبدەمـەوە و وێنەکانی تەماشا بکەم. زۆر جار ئێمە خۆمان سەرقاڵ ئەکەین و گەورەکانمان لە ژووری تەنیشتمانەوە لەبارەی بابەتە زۆر بێتامەکان وەکـوو سیاسـەت، درامـا تەلەفیزیۆنیەکان و پارە قسە ئەکەن.

بنەماڵەی من سەیرن، هەموویانم خۆش ئەوێت، بە دڵنیاییـەوە هێنـدێکیانم زیاتر، هێندێکیشیانم کەمتر. وا تێگە یشتم کە گەورەکان زۆر خۆشیان لە پـووره مارتا گیان نایەت چونکە کەسێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە، هەمیشە جلی ڕەشی لەبەردایە، زۆر کەم هەڵئەکەوێت لەگەڵ کـەسـێکدا هامۆشـۆ بکـات و ئـەگـەر میوانێکیش بێت ئـەو کـەم و زۆر لـەگـەڵ هیچکامیـان قسـە ناکـات، یـان لـە سووچێکەوە دائەنیشێت یان بە تەنیا لە پەنجـەرەکـەوە ئەڕوانێتـە دەرەوە. جـاری واشە بێ ئەوەی لە کەس ماڵئاوایی بکات ژوورەکە جێ ئـەهێڵێـت و ئـەڕوات. سەرنجم داوە، پاش ڕۆیشتنی، هەموو دەس ئەکەن بـە چپـەچـپ و تـەنانـەت پیشی پێئەکەنن. ئەم ڕووداوە زۆر ناخۆشە چونکە ئێمە هەموو خزم و کەسین.

پووره مارتا گیان، خوشکی گەورەی باوکمە، باوکم ئەڵێت کە ئـەو ژیـانێکی

زۆر دژواری بووه و هەر بە هۆی ئەمەشـەوە ئێسـتا دڵـی وەکـوو گـوڵ ناسـکە، کاتێک هەتاو ئەدرەوشێتەوە و ڕۆژە جوانەکان ئەگەنـە بـەرۆ، پـووره مارتـا گیـان وەکوو ئەوەی بپشکوێ، شاد و گەشاوە ئەبێت. بزە لە سەر لێوی دەر ئەکەوێت و دەس ئەکا بە قسە کردن، ئاگای لە گوڵە باخەکانی ناو باخچەکـە ئـەبێـت و بـۆ یارمەتی دانی ژنە سەوزی فرۆشەکەی دراوسێی ئەچێتە دووکانەکەی.

بەڵام زۆر جار، بە پێچەوانەوە، پووره مارتا گیان هـەروەک ئـەو گوڵانـەی وا لەبەر هەوره تریشقە، یان لە کاتی ئێواراندا گەڵاکانیان کۆ ئەکەنـەوە، خـۆی کـۆ ئەکاتەوە و تەنانەت ئەشڕاکێت و خۆی لە هەموو دونیا دائەشارێت... ئەو کـات پەردە کرکرەی هەموو پەنجەرەکان ئەکێشێت و وڵامی هیچ تەلەفوونێک ناداتەوە و چەندین ڕۆژ لە ماڵەوە ئەمێنێتەوە. بابەم ئەڵێت وا دیارە لەم سـاتانەدا وای پـێ باشترە کە لەگەڵ بیر و بیرەوەرییەکانی خەڵوەت بکات، ڕەنگـە ژیـان مانـدووی کردبێت بۆیە پێویستی بە ماوەیەکە جێگە و پێگەی خۆی لـە نـاو مرۆڤـەکانـدا بدۆزێتەوە.

تێناگەم ئەم شتە چۆن ڕوو ئەدات، خۆ پووره مارتا گیان ون نەبووه و هەمیشە لێرەیە! بەڵام کاتێک سەیری ئەکەیت هەست ئەکەیت و وا دێتە بەرچاو کە ئیتـر لە ژیانا نەماوە یان حەزی لەوە نییە درێژە بە ژیانی بدات. شتێکی زۆر ئەستەمە. بابەم ئەڵێت کە بەمە ئەڵێن خەمۆکی. خەمۆکی نەخۆشینێکە کە کاتێک مـرۆڤ تووشی هات ئەبێت چەند ساڵ دەرمان بخوات بەڵام زۆر جار دەرمانەکـانیش بە خێرایی وڵامدەر نین، کەوابوو مرۆڤە نەخۆشەکان وەکوو گوڵ هەستیار ئەبن.

خەمۆکی پەتا نییە. زۆر جار کاتێک مرۆڤەکان تووشی کارەساتێک ئەبن یان ئازاری نەخۆشینێکی گەورەتریان بەردەوام لەگەڵدایە، خەمۆک ئەبن. ئەوان ئیتـر ناتوانن ئاگاداری خۆیان و پێداویستیەکانی ژیانیان بن.

زەمانێک پووره مارتا گیان هاوژین و دوو منداڵی بووه و بنەماڵەیەکی ئاسایی بوون کە هەموویان ئاگاداری خۆیان و ژیانیان بوون بەڵام گرنگتـر لـە هـەمـوو

شتێک بۆ ئەوان، خۆشیە هاوبەشەکانیان بووە. ڕۆژێک بە ئۆتۆمبێل چوون بو کەنار دەریا. پێش سەفەرەکەیان باران باری بوو و ڕێگاکە زۆر تەر و خز ببوو، لە ناکاو لە سەر پێچێکدا کامیۆنێکی گەورەیان لێ پەیدا ئەبێت و هەر ئەو کات پووره مارتا گیان ویستی لە سەر ڕێگای کامیۆنەکەدا لابدات بۆ ئەوەی پێکدادان ڕوو نەدات، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە ئەخلیسکێت و ئەبێت بە هۆی پێکدادانێکی زۆر خراپ . تەنیا پووره مارتا گیان بە برینێکی زۆرەوە زیندوو ئەمێنێتەوە.

کاتێک لە نەخۆشخانە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هەتا ماوەیەک هیچی وەبیر نەئەهاتەوە. لە ئاکامدا تێگەیشت کە لە سەر جادە بە هۆی پێکدادانەوە، کەسە نزیکەکانی لە داس داوە. هەر لەبەر ئەمەش خۆی بە تاوانبار ئەزانێ. ئەیگوت کە باشتر بوو ئەم خۆی بمردایێ، کە ئەمە نادادپەروەرانەیە چونکە ئەو هەتاهەتایە لە دەس ئازاری ویژدان ڕزگاری نابێت. ئەگەر پزیشکەکان جۆرە دەرمانێکی تایبەتیان پێ نەدایێت و زۆر جار نەیاندوانایەت، لەوانەیە پووره مارتا گیان بەڵایەکی بە سەر خۆیدا بهێنایێ.

لەو کاتەوە هەمیشە جلی ڕەش ئەپۆشێت و کاتێک چاوی بەو منداڵ و خەڵک ئەکەوێت کە پێئەکەنن، بنەماڵەکەی خۆی وەبیر دێتەوە و زۆر خەفەتبار ئەبێت. ڕۆژی وایە لە ناو جێگاکەشی هەڵناسێت و جووڵەش ناکات، تەنانەت متەقی لێوە نایەت. هەموو شتێک خەفەتباری ئەکات و تەنانەت لەگەڵ بچووکترین گۆڕانیشدا بەربەرەکانی ئەکات، بۆ هەموو شتێک بە توندی هەڵئەچێت، هەموو شتێک ئازاری ئەدات و قەڵسی ئەکات. ئەو کات پەنا ئەبات بۆ بیرەوەرییەکانی و هەر لەو حاڵەشدا کە لەناو بیرەوەرییە دوورەکانیدا خول ئەخواتەوە، تەنیا حەزی لە بڕێک ئارامش و ئاسوودەییە.

ئارەزووم بوو پووره مارتا گیان بە بۆنەی ڕۆژی لە دایک بوونم بێت بۆ بینینم و لانیکەم لەو کاتەدا هەتاو بۆ ئەو بدرەوشێتەوە . ئارەزوومە لەو کاتەدا کە هەموومان پێئەکەنین و خۆشحاڵین، ئەو نەگری و ئەو ساتە بابەشم خۆشحاڵ

ئەبێت.

**ئەگەر ڕۆژێک کەسێک لە دەورووبەرماندا لەگەڵ کەس قسەی نەکرد و هەڵسووکەوتێکی نائاسایی بوو، مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی خراپە و ئەبێت خۆمانی لێ دوور بگرین. ڕەنگە ئەو کەسە بە هۆی خەمۆکی ئازار بچێژێت و بە دوای پەیدا کردنی ڕێگایەک بێت بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی وا لە کانگای دڵیەوە خۆشیانی ئەوێت. ئەو مرۆڤە پێویستی بە سەرنج و ئاگاداری زۆر و تایبەتە بۆ ئەوەی دووبارە لە خۆشیەکانی ژیان چێژ وەرگرێت.**



# دیداری چوارەم : دایەگەورە ماریاگیان



**بابەتەکان:**

پیری، کاری نائاسایی، لە دەسدانی بیرو هۆش، نەخۆشین، خۆ پیس کردن (ڕانەگرتنی پیسایی)، ددانی دەسکرد، مەرگ، بیرەوەری ئازاردەر

دوێنێ بە بۆنەی ڕۆژی دایک، سەردانی دایەگەورە ماریا گیانمان کرد. دایەگەورە ماریا گیان دایکی بابەمە بۆیە هاوکات هەم دایەگەورەیە هەم دایکیشە، بەم بۆنەشەوە ئەتوانین پیرۆزبایی هەر دوو بۆنەکەی لێ بکەین، زۆر باشە، وانیە؟

دایەگەورە ماریا گیان زۆر پیر بووە، تەنانەت لە باوەگەورەش پیرترە، بۆیە ناتوانێت وەکوو جاران هەموو کارێک بکات. زۆر هێواش هەنگاو هەڵدەگرێ، نان ئەخوات و تەنیا بە یارمەتی زەڕەبین ئەتوانێت کتێبەکان بخوێنێتەوە و لە ناو دووکانەکاندا زۆر فشار بۆ مێشکی ئەهێنێت تا بیری کەوێتەوە ئەیەوێت چی بکڕێت. پەنیرێک چەن جار تەماشا ئەکات، پاشان دانەیەکی دیکە و دووبارە هەر هەمان پەنیر و لە ئاکامدا هەر ئەو پەنیرەی وا یەکەم جار دیویەتی، ئەکڕێت. هەمیشە کاتی پارەدان لەگەڵ سندووقدارەکەدا زۆر قسە ئەکات و کاتێکی زۆر بە دوای پارەدا ئەگەڕێت، ئەگەر کەسێک لە ڕیزەکەدا بەپەلە بێت، جاری وایە دایەگەورە ماریا گیان بەر جنێویش ئەدات.

بابەم ئەڵێت دایەگەورە ماریا گیان دونیایەکی بچووکی بۆ خۆی هەیە و لە ناو ئەو دونیایەدا بە جۆرێک ئەژی گوایە کەسی تری تێدا نییە. گرنگ نییە خەڵک لەبارەی چیەوە قسە ئەکەن هەر جۆرێک بێت، شتێک لە دەورانی لاویەتی خۆی وەبیر ئەهێنێتەوە و دەس ئەکا بە گێڕانەوەی. جاری وایە زۆر قسەخۆشە چونکە چەندین جار هەر هەمان بەسەرهات ئەگێڕێتەوە کە پێشتر گێڕاویەتەوە، کەوابوو ئێمەش لەگەڵی پێئەکەنین چونکە باش ئەزانین چۆن کۆتاییان پێ دێت. سەرەڕای ئەمانە، دایەگەورە ماریاگیان هەر پێی خۆشە چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەگەر دەس بکات بە قسەکردن، ئیتر ڕاگرتنی ئەستەمە.

دایەگەورە ماریاگیان تەنیا چەند شتی بە باشی بیر ئەکەوێتەوە و ئەوانی دیکە بە خێرایی لە بیر ئەکات. ئەتوانێت بەسەرهاتەکانی قوتابخانە لە ساڵانی زوو یاخۆ ئەو شتەی وا خوێندوویەتەوە یان لە تەلەفیزیۆن ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر دیویەتی بیگێڕێتەوە. بەڵام لە بیری ئەچێت کاتژمێرێک لەمەوبەر،

چاویلکەکانی لە کوێ داناوە یان دوێنێ فراوێن چی خواردووە. جارێک پێکەوە بۆ پیاسەکردن و کڕینی شت و مەک چووینــە دەرەوە. پــاش چــەنــد هــەنگــاو، دایەگەورە ماریا گیان لێمانی پرسی : ئێمە بۆ کوێ ئەڕوین؟ تەنانەت هەستیشی کرد ڕێگاکەی لێ ون بووە.

بابە ئەترسێت دایەگەورە ماریاگیان شتی گرنگی لە بیر بچێت، بــۆ نموونــە، شێری ئاوەکە ببەستێت یان گازەکە بکوژێنێتەوە، بۆیە لــە نــاو تــەواو ماڵــەکــەی قاقەزی ڕەنگاوڕەنگی داکوتاوە کە تیایاندا نووسراوە دەرگاکان دابخات، گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە، ئاو و گازەکە کۆنترۆڵ بکات. بابە هــەروەهــا جــۆرە کــاتژمێرێکی تایبەتی بۆ کڕیوە کە زەنگی هەیە و کاتی خواردنی دەرمانەکانی پێ ئەڵێت.

بێگومان دایە ماریا گیان ناتوانێت ئاگاداری هەموو ئاپارتمانــەکــەی بێــت، لەبەر ئەوە هەموو ڕۆژێک یان بابە، یان دایە یان یەکێ لە پوورەکــان ئــەچــن بــۆ ئەوێ لەبەر ئەوەی لە گۆڕینی جل و بەرگ، خاوێن کردن و کڕینی شت و مەک یارمەتی دایە ماریاگیان بدەن و ئاگاداری خواردنەکانی بن.

دایەگەورە ماریا گیان زۆری پێخۆشە و وا بــەپیریانــەوە دێ گوایــە دەمێکەیــە یەکتریان نەدیوە. ڕۆژگەلێک هەیە دایــەگــەورە ماریــا گیــان حــاڵی زۆر خــراپ ئەبێت و ئەڵێت پێشەکانی مانیان گرتوە. ئەو کاتە هێزی ئەداتە سەر گۆچانێــک. تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش هەوا گەرم بێت، ژاکــەتێکــی ئــەســتوور و پاپۆشــی پەشم لەبەر ئەکات. باوەگەورە بۆم ئــەگێڕێتــەوە کــە مرۆڤــە بــە ســاڵاچووەکــان بەردەوام حەزیان لە گەرمایە هەروەها خۆشیان لە شیرینیش دێت. زۆریان حەز لێیە! دایە گەورە ماریا گیان هەموو جار چــایی بــە مــرەبــا و هــەنگــوینی زۆرەوە ئەخواتەوە و لە چێشتخانە هەمیشە سندوقێکی پڕ لە بیسکویتی هەیە.

جاری وایە دایەگەورە ماریا گیان فریا ناکەوێت بگاتە ئاودەس و خۆی پیس ئەکات. ئەو هەمیشە زۆر ناڕاحەت ئەبێــت و ترێــق ئــەبێتــەوە چونکــە بــۆنێکی ناخۆشی هەیە و هەموو شتێک ئەبێت بشۆردرێت. ماوەیەک پــێش ئێســتا دایــە

پێشنیارێکی دا کە ئەبێت بۆ دایەگەورە پووشاکی تایبەت بە گەورەکـان بکـڕین. ئەتوانێت شەو یان ڕۆژ کەڵکی لێ وەربگرێت و پاشان کاتێک پیس بـوو فڕێـی بدات. سەرەتا دایەگەورە ماریا گیان نەیئەویست لـەبـەری بکـات و زۆر تـووڕە ئەبوو. بەڵام ئێستا خووی پێ گرتووە هەر وەک ددانە نوێکانی.


دایەگەورە ماریا گیان ددانی دەسکردی هەیە! بابەم ئەڵێت کە پێی ئەگوترێت ددانی پرۆتیز. پێش خەوتن ددانەکانی دەر ئەهێنێت و لە ناو پـەرداخێـک ئـاودا دایئەنێت . کاتێک لە خەو هەڵئەستێت ددانە دەسکردەکەی ئەخاتە ناو دەمـی و بە چەسپێکی تایبەت قایمی ئەکات نەوەکوو لێی ون بێت. بە هۆی ئەو ددانانەوە ئەتوانێت قەپ لە گەزەری تازە بگرێ و نانی وشکی بخوات.

کاتێک کە خۆش ئەخلاقە، ددانەکانی دەر ئـەهێنێـت و بـە گاڵتـە منـی پـێ ئەتۆقێنێت و زۆرێکی زۆر پێئەکەنین!

زۆرم پێ ناخۆشە کاتێک دایە ماریا گیان ئەڵێت کە بە زوویی کۆچی دوایـی ئەکات و من هەموو کتێبەکان و بیرەوەرییەکانی بە میرات ئەبەم. هەرگیز ئەوانـەم ناوێت! ئەمهەوێت دایە ماریاگیان زۆر تەمەن درێژ بێت بـەڵام ئـەو ئـەڵێت کـە خۆی ئارەزوو ئەکات بمرێت چونکە وا ئەتوانێت لە ئاسماندا چاوی بە هەمـوو ئەو خزم و کـەس و هاوڕێیانـەی قوتابخانـەی کـە سـاڵەهایـە کـۆچی دواییـان کـردووە، بکـەوێـت. زۆر تاسـەی کـردوون. زۆر جـار بـە درێژایـی ڕۆژ وێنـە کۆنەکانی ناو ئەلبۆمەکان تەماشا ئەکات، هەست بە دڵتەنگی ئەکـات و جـاری واشە ئەگری. لە ماڵەکەیدا خەروارێک کەل و پەلی کۆن هەن کە ئـەو زۆریـانی خۆش ئەوێت بۆئەوەی هەرکام لەمانە پێوەندی بە بیرەوەرییەکانیەوەیـە. کاتێـک ئەبینم دایەگەورە ماریا گیان پەکی کەوتووە، خەفەتبار ئەبـم. بیرکردنـەوە لـەوەی کە ڕەنگە بە زوویی کۆچی دوایی بکات و جێمان بهێڵێـت، بـۆم دژوارە، بـەڵام باوەگەورە ئەڵێت، ئەبێت مرۆڤ لەگەڵ ئەم ڕووداوە دابێت. چونکـە مرۆڤـەکـان وەکوو گەڵای دارن. لە کاتی بەهاراندا لە دایک ئەبـن و جـوان ئـەنـوێنن بـەڵام

ڕۆژێک پاییز ئەگاتە بەرۆ، ئەو کات لاواز ئەبن. باو و بـۆران دێـت و ئـەیانبات. ئەوان بە وێنەکانیانەوە لە ناو بیرەوەریەکانماندا ئەمێننەوە. ئێمە ئەو شـوێنانەی وا پێکەوە دیومانە وەبیری ئەهێنینەوە. بە تەماشاکردنی ئەو کەڵ و پەلانەی وا هینـی ئەوان بوون، بەردەوام بیریان لێ ئەکەینەوە.

**ئەگەر کەسێک پیر ئەبێـت و ئیتـر ناتوانێـت زۆرێـک لـە کـارەکـانی وەکوو جاران ئەنجام بدات و تەنیا لەگەڵ بیرەوەرییـەکـانی ئـەژی و زۆربەی کاتەکان باس لە مردن ئەکات، خەڵک بۆیان نییە لەم جۆرە کـەسـانە دووری بکـەن و ڕەخنـەیان لـێ بگـرن. تـەنانـەت ئـەگـەر کارەکانیشیان بە دڵی کەسێک نـەبێـت. مـەرگ و پیـری لـە ڕێگـای هەمووماندایە و بە کەس ناگۆڕدرێت. بۆیە گرنگە کە هەموو سـات و کاتێک لەگەڵ ئەو کەسانەی وا خۆشمان ئەوێن بە دڵخۆشـی ژیـان تێپەڕێنین.**



# دیداری پێنجەم: فاتمە

**بابەتەکان:**
بێزاری لە بێگانە،
جیاوازی ئایینەکان،
ئیسلام، تێرۆریزم، پاوان
کردن، هەڵاواردن،
کلیشە نەرێنییەکان،
ئەندازیاری کردنی
بیروڕای گشتی، دەنگۆ
بڵاو کردنەوە



بەینێکە باوەگەورە کاری زۆرە. خوێندکارێک بە ناوی فاتمە کە سەرقاڵی نووسینی تێزی کارناسیەکەیەتی دێت بۆ لای. ئەگەرچی کارێکی گرنگە، بەڵام ئەگەر بە درووستی و تەواوی ئەنجامی بدات، بڕوانامەی زانکۆ وەرئەگرێت. فاتمە لە باوەگەورە لەبارەی ئەو سەفەرانەی وا چووە و ئەو مرۆڤانە وا لە وڵاتانی دوور چاوی پێیان کەوتووە و هەروەها داب ونەریت و هونەرەکانیان، پرسیار ئەکات.

فاتمە هەموو شتێک ئەنووسێت و چەندین وێنەی ڕەنگاوڕەنگیش ئەخاتە پاڵ نووسراوەکانی. کاتێک کە گەورەتر بم، منیش ئەبم بە خوێندکار و تێزی کارناسی ئەنووسمەوە.

فاتمە هەمیشە سەرپۆشی لە سەرە. باوەگەورە ئەڵێت کە ئەوە هێمای ئایینەکەیەتی. ئەو موسڵمانەو لە گوندێک بە ناوی تاتارستانی بچووک ئەژی. ناوێکی خۆش و دڵ بزوێنە، وا نیە؟ بە بنەماڵەی فاتمە و دانیشتوانی تاتارستان، تاتار ئەگوترێت. ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر، باپیرەکانیان لە ئاسیاوە هاتن بو ئێرە. ماوەیەکی زۆر سەر لێ شێواو بوون، پاشان بە بۆنەی خزمەتیان بە شای ئەو کات، ئەو گوندەیان وەکوو پێشکەشیەک لە شا وەرگرت. سەرەڕای ئەوەی چەندین سەدە (هەر سەدەیەک بەرابەرە لەگەڵ سەد ساڵ) تێپەڕی، ئەوان زمان و باوەڕەی خۆیان لە بیر نەکردووە. زۆریان هەر وەکوو ئێمەن و وەکوو ئێمەش ئیش ئەکەن.

فاتمەم زۆر خۆش ئەوێت چونکە کاتێک کەمێک سەری سووک ئەبێت، پێکەوە زۆر خۆش ڕای ئەبوێرین. پیتە عەرەبیەکان بە من نیشان ئەدات و بۆم شرۆڤە ئەکات کە چۆن لەم پیتانە وێنە ساز بکەین، جگە لەوەش چیرۆکە پیرۆزەکانی خەڵکەکەی بۆم ئەگێڕێتەوە. حەزم لە بیستنی چیرۆکی موحەممەدی پێغەمبەرە کە ڕیشێکی درێژ و ئەسپێکی جوانی بووە و لەگەڵ فریشتەکاندا قسەی کردووە. و هەروەها لە بارەی ئەو شارە پیرۆزەی وا تیایدا موسڵمانان بە

جلی سپیەوە بە دەوری پەرەستگەیەکدا ئەسوورێنەوە و کاتی نیوەڕوان لە سەر قاڵی ئەژنۆ دا ئەدەن و ڕاستەوخۆ چاو ئەبڕنە ئەو شارە پیرۆزە و پێکەوە نوێژ بۆ خودا ئەکەن. لە ئایینە جیاوازەکاندا چەندین ناوی جۆراوجۆر بۆ خودا هەیە. بەڵام بەڕای باوەگەورەم، هەمووی هەر یەک خودان و هەر بەم هۆشەوە هەموو ئایینەکان یەکسانن.

بە بڕوای باوەگەورە، فاتمە زۆر بوێرە چونکە هەمیشە لە سەر شەقام سەرپۆشی لە سەرە. لە زۆربەی وڵاتان خەڵک خۆشیان لە موسڵمانەکان نایەت بۆ ئەوەی جلی تایبەت بە خۆیان ئەپۆشن و جۆرێکی جیاواز نوێژ ئەکەن. سەرەڕای ئەوە، پێوەندی گرتن لەگەڵ هەموویان ئەستەمە چونکە کچەکان هەمیشە مافی فێربوونیان نییە، بە تایبەت فێربوونی زمانە بیانییەکان. بە داخەوە، نا؟ لای هەندێک کەس، هەموو موسڵمانان تێرۆریستن، لانیکەم لە چەند گۆڤار و بەرنامەی تەلەفیزیۆندا شایەتی ئەوە بوون، بەڵام من تێگەیشتم کە ئەوە درۆیە!

لە باوەگەورەم پرسی، تێرۆریستەکان کێن و ئەویش بە جوانی بۆی شرۆڤە کردم. ئەوان دەیانهەوێت بارودۆخی ژیان بگۆڕن، دەس بە سەر وڵاتی خۆیان یان تەنانەت هەموو دونیادا بگرن. ئەوان لەگەڵ بڕێک شت نین و جاری وایە بە دڵنیاییەوە ئەیانهەوێت کە باوەڕ و ژیانی خۆیان بە سەر هەموو کەسدا بسەپێنن. تێرۆریستەکان هەمیشە نایانهەوێت یان ناتوانن لەگەڵ سیاسەتمەدارەکاندا وتووێژ بکەن یان خۆیان لە تەلەفیزیۆنەکاندا دەربخەن، بۆیە تووڕە ئەبن و زۆرجار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ سەر کارەکانی خۆیان، ئازار بە مرۆڤەکان ئەگەیەنن. هەندێکیان چەک و بۆمبیان هەیە و خەڵک ئەکوژن بۆ ئەوەی پاشان لە تەلەفیزیۆن و ئینتێرنێت و گۆڤارەکاندا ڕەنگدانەوەی بێت. چەند ساڵ لەمەوبەر کە هێشتا من نەبووم، تێرۆریستەکان چەند فڕۆکەیان دزی و چەندین بینایان لە ئەمریکا وێران کرد و زۆر کەسیان کرد بە قوربانی. پێیان

خۆش نەبوو چەکدارە ئەمریکییەکان لە وڵاتانی دیکەدا بن، کەوابوو بڕیاریان دا تۆڵە بسێنەوە. پاش ئەوەی لە تەلەفیزیۆندا گوترا کە تێرۆریستەکان موسڵمان بوون، لە چەندین وڵاتدا ترس لە ئیسلام دەستی پێکرد، چونکە وا بیریان ئەکردەوە کە هەموو موسڵمانان تێرۆریستن. بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاست نییە بۆ ئەوەی زۆربەی موسڵمانان کەسانێکی ئاسایی و چاکن.

کاتێک تێرۆریستەکان ئەو بینایانەیان لە ئەمریکا وێران کرد، فاتمە زۆر بچووک بوو بەڵام ڕۆژێ دواتر کاتێک لەگەڵ بنەماڵەکەی لە پارک پیاسەی ئەکرد چەند پیاوی مەست قسەی سووکیان پێ گوت و دایانە بەر بەرد، ئەوان ئەیانگوت کە فاتمە تێرۆریستێکی بچووکە و ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئەگەر باوک و براکانی فریای نەکەوتبایەتن و پۆلیسیان بانگ نەکردبایەت، برینداریان ئەکرد. بنەماڵەکەی لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە لێرە ئەژین کەوابوو ئەوان هەر ئێستاش لە وڵاتی خۆیاندان. لێرە گەورە بوون و تەنانەت قەبری باپیرانیشیان لێرەیە. ئەوان قەت کاری وایان نەکردووە پێیان بگوترێت تێرۆریست!

بەڕای باوەگەورە لە ناو هەموو خەڵکێکدا مرۆڤی جۆراوجۆر هەیە. ئەوان بیروڕا، ئایین و داب و نەریتی خۆیانیان هەیە. بە شێوازێکی دیکە جل و بەرگ لە بەر ئەکەن، جۆرێکی تر خۆراک ئەخۆن و گۆرانی جیاواز ئەڵێن. هەر لەبەر ئەوە دونیا زۆر جۆراوجۆر و سەرسووڕهێنەرە. بۆیە سەفەر کردن و ناسینیان زۆر خۆشە. ئەکرێت پاش گەڕانەوە بۆماڵەوە باسی ئەو شتانەی وا بینراوە بۆ کەسە نزیکەکان بکرێت بۆ ئەوەی پێیان نیشان بدرێت کە جیهان و ئەو مرۆڤانەی وا لە وڵاتانی دوور ئەژین چۆنن! باوەگەورە پێی خۆشە لەگەڵ فاتمە کار بکات و بیرەوەرییەکانی لەو سەفەرانە بۆ بگێڕێتەوە. ئەو ئەڵێت کە ئەگەر فاتمە پێی خۆشە، ئە توانێت تێزەکەی بکات بە کتێبێک و وەریگێڕێتەوە سەر زمانی ئێسپێرانتۆ و چاپی بکات. ڕەنگە فاتمە ببێت بە نووسەرێکی بە ناوبانگ.

**ئەگەر کەسێک باوەڕی جیاوازی بوو و بە شێوەیەکی دیکە نوێژ ئەکات و دوّعا ئەخوێنێت، مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی خراپە و ئەبێت دووری لێ بکرێت. هەر ئایینێک ئەتوانێت هۆیەک بێت بۆ چاکەکردن. بەڵام هەرکەس ئایین لە چاوی خۆیەوە سەیر ئەکات. سەرەڕای ئەوەی لە تەلەفیزیۆندا لە بارەی خەڵکێکەوە بە خراپی باس ئەکرێت، مانای ئەوە نییە کە هەموو ئەم زانیارییانە ڕاستن. کەس بۆی نییە بە کەسێک بڵێت تێرۆریست و ئازاری بدات بە هۆی ئەوەوە کە هاووڵاتی یان خزم و کەسەکەی، کەسێکیان ئازار داوە. هەر مرۆڤێک تەنیا لە بەرامبەر ئیشەکانی خۆی بەرپرسە.**



# دیداری شەشەم : بەڕێز پاولاک و خاتوو بولبول



**بابەتەکان:**
خانەی بەساڵاچووان،
پیری، کەم ئەندامی
جەستە و بێ هێزی
مێشک، کاری نائاسایی،
هەژاری، تەنیایی،
بیرەوەری ئازاردەر،
نەخۆشیی رۆحی، ئیفلیج

مانگێک جارێ لەگەڵ باوەگەورە سەردانی خانەی بەساڵاچووان ئەکەین. ئەوێ شوێنێکی تایبەتە کە تیایدا زۆربەی کەسانی بە تەمەن و هەندێک لاو ئەژین کە ماڵی خۆیانیان نییە و بنەماڵەکانیان یان نایانهەوێت یان ناتوانن پارێزگارییان لێ بکەن. دانیشتوانی ئەوێ زۆر جار لاواز و نەخۆشن، بۆیە شەو و ڕۆژ پێویستیان بە یارمەتی پزیشک و پەرەستارەکانە. خانەکە بڕێک لە نەخۆشخانە ئەچێت بەڵام ئەو کەسانەی وا لەوێ ئەژین خەمبارن چونکە ئەزانن ئەبێت تا کۆتایی ژیانیان لەوێ بمێننەوە.

ئەو خانەی بەساڵاچووانەی وا ئێمە بەردەوام سەردانی ئەکەین لە ناو کۆشکێکی کۆندایە. لە تەنیشتیدا پارکێکی جوان هەیە کە دارەکانی گەورەن، پیان دەگوترێت دار چنار، بەردەوام توێخ ئەخەن و میوەکانیان وەکوو تۆپێکی خڕ و جوانن. لە لایەکی دیکەی کۆشکەکەوە باخێکی پڕ لە میوە و سەوزەیە. کاتێک هەوا دڵڕفێنە، دانیشتوانی کۆشکەکە لە ناو کووچە باخەکاندا پیاسە ئەکەن. لە سەر کورسییەکان یان لە ناو چێخە دارینەکاندا دائەنیشن و هەمیشەش حەزیان لەوەیە لەگەڵمان قسە بکەن.

بەڕێز پاولاک لە خانەی بەساڵاچوواندا ئەژی و ئێمە هەمیشە لەوێ سەردانی ئەکەین. باوەگەورە لە منداڵییەوە ئەیناسێت. ئەو هەردوو پای لە دەس داوە و بەم بۆنەشەوە لە ویلچر کەڵک وەرئەگرێت. (مرۆڤی کەم ئەندام بە کەسێک ئەگوترێت کە کەم و کوڕیی جەستەیی و مێشکی هەیە) . ویلچر جۆرێک سەندەڵی دەستەداری تەگەردارە. مرۆڤ ئەتوانێت بەو دەستەی وا بە پشتی سەندەڵیەکەوەیە، پاڵی پێوە بنێت، هەروەها بەڕێز پاولاک خۆشی ئەتوانێت بە یارمەتی ڕەوڕەوەکانی بڕوات. هەمیشە هێواش پێی ئەڕوات چونکە ئەترسێت بکەوێت، بەتایبەت کاتێک لە پێڕەوە بەرزەکاندا تێئەپەڕێت.

باوەگەورە ئەڵێت کە بەڕێز پاولاک زۆر تەنیایە. بنەماڵەکەی لە گوند ئەژین و مەزرایەکی گەورەیان هەیە بە دەشت و دارستان و بەراز و مانگا و کەروێشکەوە.

چەند ساڵ لەمەو پێش تووشی ڕووداوێک بوو. ماشینی توو چاندن لە کاتی چاندنی گەنمەشامیدا، پاکانی بریندار کرد. لە نەخۆشخانە گوتیان کە ئیتر پاکانی چاک نابێتەوە، بۆیە بەڕێز پاولاک لەو کاتەوە ناتوانێت هەنگاو هەڵگرێت و ئەبێت لە ویلچر کەڵک وەربگرێت. بنەماڵەکەی نەیانئەزانی بە باشی ئاگاداری لێ بکەن، بۆیە لە خانەی بە ساڵاچووان‌دا نیشتەجێ بوو و قەت نەگەڕایەوە بۆ گوندەکەی. ئەو زۆر دڵتەنگە، بەستەزمان، نا؟

ئەو کاتانەی دێین بۆ سەردان، بەڕێز پاولاک زۆر خوشحاڵ و ڕازی ئەبێت. ئەڵێت کە نەوەیەکی هەیە هاوتەمەنی منە، بەڵام تەنیا وێنەکەی دیوە، کەوابوو من زڕ نەوەی ئەوم. هەمیشە لە سەر ویلچەرەکەی دامئەنیشێنێت و داوام لێ ئەکات سەبارەت بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانە و دونیا باسی بۆ بکەم، کەمێک پێم سەیر و ناجۆرە ئاوەها لە سەر پا نوقسانەکانی دابنیشم، بەڵام ئەگەر بەڕێز پاولاک توزقاڵێک بەمە دڵخۆش ئەبێت، بڕێک لەلای دائەنیشم و لەگەڵی قسە ئەکەم و پاشان بە ڕاکردن بۆ یاری کردن ئەچم بو ناو پارک. باوەگەورە لە لای بەڕێز پاولاک ئەمێنێتەوە و پێکەوە قسە و یاری پاسوور ئەکەن.

لە ناو پارکدا زۆرجار چاوم بە خاتوو بولبول ئەکەوێت . خاتوونێکی پیر و دلۆڤانە کە زۆر و بە پەلە قسە ئەکات، جاری واشە گۆرانی ئەڵێت، تەنانەت ئەو کاتانەی وا تەنیایشە. بەڕێز پاولاک ئەڵێت کەس نازانێت کێیە؟ چەند ساڵ لەمەو پێش پۆلیس لە وێستگەیەکدا دۆزیانەوە. نەیئەتوانی بڵێت لە کوێ هاتووە و بۆ کوێ سەفەر ئەکات، کەوا بوو هێنایان بۆ خانەی بەساڵاچووان و لەوکاتەوە تا ئێستا لەوێ ماوەتەوە. پەرەستارەکان زۆریان خۆش ئەوێت چونکە زۆر قسە ئەکات هەر وەکوو باڵندە یەکی بەهار، ناویان ناوە بولبول و هەمووش ئەم ناوەیان پەسەند کردوە.

خاتوو بولبول هەمیشە نوقڵ یان لەتێک شۆکۆلات یان شیرینیەکی بچووک بە من ئەدات کە پێچایەتی لە دەسماڵ قاقەزیەکەوە. لەوێ ئەو شیرینیەیان وەکوو

دێسێر پێی ئەدرێت. خاتوو بولبول زۆرجار نایانخوات و هەڵیانئەگرێت بۆ مـن. پێشتر لێم وەرنەئەگرت چونکـە لـەماڵـەوە هـەمیشـە شـیرینیمان هەیـە، جگـە لەوەش، جارێک خاتوو بولبول ئەوانەی چەند ڕۆژ لە گیرفانیدا بۆم هەڵگرتبوو، بۆیە کاتێک لێم وەرگرتن توابوونەوە و شیلاوی و ناحەز بوون، بەڵام بـاوەگـەورە پێمی گوت کە ئەم شیرینیانە بۆ خاتوو بولبول زۆر گرنگن بۆ ئەوەی ئەو هیچـی دیکەی نییە کە پێشکەشی منی بکات. ئەو بەم جۆرە ئەیهەوێت خۆشـەویسـتی خۆی نیشانی من بدات بۆیە سەرەتا کەمێک پارێز ئەکەم، بەڵام وەریان ئەگرم و سپاسی ئەکەم. لە ناو خانەی بەساڵاچووان‌دا هەروەها کەسانێک لاو هەن کە بـە پشتێن بە ویلچرەکانیانەوە بەستراونەتەوە. هەروەها لـە نـاو چرپایـەکانیانـدا بـە جۆرێک پشتێنی تایبەتـەوە بسـتراونەتـەوە چونکـە ئـەو لاوانـە خۆیـان توانـای جوڵانیان نییە. باوەگەورە ئەڵێت کە بەو نەخۆشینە ئەگوترێت شەپڵـەلێـدراو. بـۆ ئەوەی کە بێ تاقەت نەبن جاری وایە کتێبیان بۆ ئەخوێننەوە یان تەلـەفیزیۆنیـان بۆ هەڵئەکەن بـەڵام بـە ڕای مـن، ئـەوە زۆر یارمـەتیـان نـادات چونکـە ئـەوان پێویستیان بە دواندن و پێکەنینە.

لە ڕۆژانی جەژندا لەگەڵ هاوپۆلەکان و مامۆستاکەم بـۆ پێشـکەش کردنـی شانۆ ئەڕۆین بۆ ئەوێ، هەورەها کارت پۆستاڵیشیان بۆ ئامادە ئەکەین. هـەمـوو دانیشـتوانی خانـەی بـەسـاڵاچووان زۆر خوشـحاڵ ئـەبـن، بـە دەنگـی بـەرز چەپڵەمان بۆ لێئەدەن و پاشان هەموو پێکەوە گۆرانی ئەڵێین. لـەو سـاتانەدا زۆر کەس دڵناسک ئەبن و دەس ئەکەن بە گریان چونکە بیری ئەو کاتانە ئەکەنەوە وا لە ماڵەوە بوون. زۆر خەمبارم کە ناتوانم بە جۆرێکی دیکە یارمەتیان بدەم.

**ئەگەر کەسێک زۆرنەخۆشە، لە ماڵێکی تایبەتـدا ئـەژی و جـۆرێکی سەیر دێتە بەرچاو و یان هەڵسووکەوت ئەکات مانای ئەوە نییـە کـە دووری لێ بکەین یان وای بنوێنین کە بـوونی نیـە. کـەسـە تـەنیـا و**

**کەم ئەندامەکان نە هەر تەنیا پێویستیان بە ئاگاداری هەیە، بەڵکوو پێویستیشیان بەوەیە هەموو ڕۆژێک خۆشحاڵ بن. بە تایبەت باشتر وایە زیاتر ئاگاداری ئەوانە بین و ئەوکەسانە خۆشحاڵ بکەین کە بنەماڵەکانیان فەرامۆشیان کردوون. هەموو مرۆڤێک پێویستی بە ئەشق و بوونی کەسە نزیکەکانیەتی. بە تایبەت ئەگەر نەخۆش و تەنیایش بێت.**



# دیداری حەوتەم: بەڕێز کارلێتۆ



**بابەتەکان:**
**لانەوازی، وابەستەیی (بەستراوەیی)، دایمە مەست، توندوتیژی بنەماڵەیی، سەر و سیما و کاری نائاسایی، بێ بەشی، کلیشە نەرێنیەکان، پێش بینی نەکردنی کردەوە، تەنیایی**

سەرتاسەری حەوتوو باران باری. پاش وانەکانی قوتابخانە، هەر لەماڵەوە ئەمامەوە چونکە دایکم ئەترسا بخووسم و نەخۆش کەوم، بۆیە پاش ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە، لە بەر پەنجەرەکە دائەنیشتم و وێنەم ئەکێشا، کتێبم ئەخوێندەوە و سەیری ئەو خەڵکەم ئەکرد کە بە هۆی بارانەوە هەنگاوەکانیان خێراتر ئەکردەوە بەڵام هەموویان بە سە رگۆلە ئاوەکاندا بازیان نەئەدا، لە سەر شەقام بەڕێز کارلێتۆ وەستابوو کە نە لە باران ئەترسێت و نە لە سەهۆڵ و کەم و زۆر هەموو ڕۆژێک لەم دەورووبەرانەدا لە بەرچاوی هەمووانە.

بەڕێز کارلێتۆ ماڵ بەکۆڵە. ئەو هەر جارێک لە شوێنێکدا نیشتەجێ ئەبێت، جارێک لە ناو زبڵداندا، جارێک لە ناو وێستگەی ئوتوبووسدا، کیوسکی تەلەفۆن، یان ئەگەر کەسێک لەبیری بچێت درگاکە قوفڵ بکات، لە داڵان یان ژێرخانی یەکێ لە ماڵە ئاپارتمانییەکانی گەڕەکی ئێمەدا ئەخەوێت. کەس نازانێت تەمەنی چەندە، سەرەڕای ئەوەی زۆر بە تەمەن نییە بەڵام بە ڕواڵەت پیر ئەنوێنێت. ڕیشێکی درێژ و قژێکی ئاڵۆزراوی درێژی هەیە. پاڵتۆیەکی سەوزی پەڵە پەڵە و ژاکەتێکی پەشمی شین لە بەر ئەکات، بڕێک شێوەی جادووگەری ناو حەقایەتەکان ئەدات. هاوینان، تاجە گوڵینەیەک درووست ئەکات و ئەینێت بە سەریەوە و ئەگەر کەسێک زەردەخەنەیەک میوانی بکات، سەرودڵخۆش ئەبێت.

زستانی ڕابردوو، دایەگەورە ماریا گیان، کڵاو و شاڵ گەردن و دەسکێشی بۆ چنی. ئەویش بە هەستێکی ناسک و ڕەزامەندییەوە گوتی کە هیچ کات پێشتر دیاری وا جوانی وەرنەگرتووە، کەوابوو دایە ماریا گیان ئەتوانێت هەمیشە دڵی پێی گەرم بێت و دۆعای بەخێر بۆ هەموومان ئەکات و هەر کات کەسێک بیهەوێت خراپەیەکمان لەگەڵدا بکات، ئەو بەرگریمان لی ئەکات و بەرەنگاری ئەبێتەوە، دلۆڤانە، وانیە! بەڵام بانگهێشتی نانی بەیانی جێژنی لێ قبووڵ نەکردین.

بەڕێز کارلێتۆ کار ناکات بۆیە کاتی بەتاڵی زۆرە. زۆر جار لە سەر نەردەی بەردەم دووکان دائەنیشێت و لەگەڵ ئەو کەسانەی وا لەوێ هات و چوو ئەکەن، قسە ئەکات. کەسێکی بێ ئەدەب نیە، جاری وایە لە بارودۆخی هەوا ئەپرسێت، قسەی خۆش ئەگێڕێتەوە یان باسی سیاسەت ئەکات.

خاتوونی فرۆشیار خۆشی ئەوێت چونکە لە کاتی بردنی سندووق و کەل و پەلەکان بو ناو دووکان، یارمەتی ئەدات و هاوینان بۆ ئاودان بە گوڵ و سەوزەکانی سەر مێزی بەر دووکانەکە، لە تروومپای گشتی ئاو ئەهێنێت. هەندێک کەس نان یان کەمێک خواردنەوە بۆ بەڕێز کارلێتۆ ئەکڕن. ئەویش هەمیشە زۆر سپاسیان ئەکات و بە هیوایە بتوانێت بە شێوەیەک بۆیان قەرەبوو بکاتەوە.

لەو ڕۆژانەی وا هەوا گەرمە، بەڕێز کارلێتۆ بۆگەنی دێت، چونکە بەڕای دایکم، ئەو خۆی ناشوات و جلەکانی پیس و چلکنن و خاوێنیان ناکاتەوە و ناچێت بۆ ئارایشگا. زستانان جاری وایە پۆلیس لەگەڵ خۆی ئەیبات و تا چەند حەوتوو کەس نایبینێت. لەو ماوەدا ئەو لە شوێنی تایبەت بە لانەوازەکان نیشتەجێ ئەبێت. لەو شوێنە بە خۆڕایی ئەخوات و ئەخەوێت و خۆی ئەشوات و جلی خاوێن و تازە وەرئەگرێت و چاوی بە کەسانێک ئەکەوێت کە هەر وەکوو خۆی ئەژین. بەڵام کاتێک هەوا خۆش و دڵڕفێن ئەبێت، ئەگەڕێتەوە سەر شەقام چونکە پێی ناخۆشە کە لەوێ مافی خواردنەوەی بیرە و ودکای نیە.

دایەگیان ئەڵێت کە هەر لەبەر دایمە مەستی، بەڕێز کارلێتۆ ئێستا ماڵی خۆی نیە. زەمانێک لە شارێکی دیکەدا لەگەڵ هاوژین و منداڵەکەی ئەژیا، بەڵام ڕۆژێک بێکار کرا و ئەویش تووشی خەمۆکی بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەلکولی ئەخواردەوە و مەستی ئەکرد و بنەماڵەکەی ئەدا بەر لێدان و ئازار یان شووشەی پەنجەرەکانی ئەشکاند. لە ئاکامدا پۆلیس کەلەبچەیان کرد و بردیان بۆ بەندیخانە. کاتێک لەوێ ڕزگار بوو ئیتر نەگەڕایەوە بۆ لای بنەماڵەکەی و بڕیاری

دا لە سەر شەقام بژی.

ڕۆژانێک هەن بەڕێز کارلێتۆ زۆر مەست ئەکات و هەر لە سەر شەقام خول ئەخواتەوە. ئەقیڕێنێت و وەکوو ئەو خەڵکەی ناو یانە وەرزشییەکان بە هات و هاوار گۆرانی ئەڵێت. بۆیە لەم ڕووداوەدا فرۆشیارەکان ڕێگەی پێ نادەن لە بەردەم دووکانەکانیاندا بمێنێتەوە و دراوسێکان لە گەڕەکەکە دووری ئەخەنەوە لەبەر ئەوەی منداڵەکان نەتۆقێنێت. نازانم ئەو کاتە ئەچێت بۆ کوێ و لە کوێ ئەخەوێت، زۆر کەس لێی ئەترسن، خاتوونێکی دراوسێمان کە لە قاتی دووهەمدا ئەژی و منداڵێکی ساوای هەیە و ئەیخاتە ناو گاریی منداڵانەوە، هەمیشە کاتێک چاوی بە بەڕێز کارلێتۆ ئەکەوێت ڕووی وەرئەگێڕێنێتەوە و ئەپەڕێتەوە ئەو پەڕ شەقامەکەوە، تەنانەت کاتێک کە بەڕێز کارلێتۆ مەستیش نەبێت.


من زۆر کەم لەگەڵ بەڕێز کارلێتۆ قسە ئەکەم چونکە بابەتێکی هاوبەشمان بۆ وتو وێژ نیە.جارێک لە بارەی قوتابخانەوە پرسیاری لێ کردم و لە گەڵادار فیقەنەیەکی بۆم درووست کرد و پێی نیشان دام چۆن بەکاری بهێنم. تەنیا کاتی پیاسە کردن لەگەڵ بابەم، لەگەڵ بەڕێز کارلێتۆ قسە ئەکەم. لە لای ئەوەستین و پرسیاری لێ ئەکەین کە ئایا پێویستی بە شتێک هەیە یان نا، بەڵام زۆر کەم داوای یارمەتیمان لێ ئەکات. تەنیا یەک جار بۆ دوورینەوەی پێڵاوەکانی دەرزی و غەرغەرەی لێمان ویست.

باوەگەورە ئەڵێت کە بەڕێز کارلێتۆ مرۆڤێکی زۆر سەیرە بەڵام لە ڕێکخستنی پێداویستیەکانی ژیانیدا سەرکەوتوو نەبووە. سەردەمێک لە کارخانەیەکدا کاری ئەکرد. کارەکەی درووست کردنی ماشین بۆ کانگاکان بوو، لەماڵیشەوە کۆتری رائەگرت و بە هۆی ئەو خەڵاتانەی وا لە بەر ئەو کۆترانەوە وەریگرتبوو، زۆر شانازی بە خۆیەوە ئەکرد. کۆترەکانی ئەوەندە جوان بوون کە هەموو کێبەرکێکانی دەرەوەی وڵاتیان ئەبردەوە. ڕۆژێک لە شوێنی کارەکەی ودکای

خواردەوە و بوو بە هۆی پێکدادانێک. بەم بۆنەشەوە لە کارەکەی دەرکرا.

ئەو ئەڵێت کە دوای ئەوە ژیانێکی نوێی دەسپێکرد. نازانێـت ڕۆژێـک دێـت ئەو ئەوەندە بوێر بێت بگەڕێتەوە بۆ لای هاوژین و منداڵەکـەی. هـەمیشـە ئـەم بڕیارە بۆ داهاتوو ئەدات بەڵام تا ئێستا هیچ کات نەیبردووەتە سەر.

**ئەگەر کەسێک ماڵی نیە، بۆگەنـی دێـت و جارجـار مـەسـتە، مانـای ئـەوە نییـە کـە کـەسـێکی خراپـە و ئـەبێـت لـی دوور بکـەوینـەوە. هەندێک لە مرۆڤـەکـان مـاڵ و خێزانیـان لـە دەس داوە چونکـە لـە چارەسەر کردنـی کێشـەکـانی ژیانیانـدا سـەرکـەوتـوو نـەبـوون یـان نـەیانزانیوە لـەگـەڵ مرۆڤـەکـانی دیکـەدا هەڵسـووکەوت بکـەن. لانەوازگەلێک هەن ئارزوویانە ژیان بە شـێوەیەکـی دیکـە دەس پـێ بکـەن بـەڵام هـەنـدێکی دیکـە ئارزوویانـە هـەر لـە بـارووداۆخی ئێستایاندا بمێننەوە. هەر کام لەوان شایانی ڕێـز لێنـان، دوانـدن و یارمەتین. ئەکرێت لەگەڵ هەموویان کات و سەرنـج و وشـەکانمـان دابەش بکەین.**



# دیداری هەشتەم: ڕیکاردۆ



**بابەتەکان:**

ڕواڵەت و کاری نائاسایی،
قەڵەوی، قژی سوور، چاویلکە،
هەڵواردن، دڵشکاوی،
نەخۆشین، تەنیایی

کۆمپیۆتەرەکەی بابە خراپ بوو، بە داخەوە! بابە لە قوتابخانە، مامۆستای بیرکارییە و بە کۆمپیۆتەر جارجار ڕاهێنانەکانی قوتابیەکانی ئامادە ئەکات یان ڕیزی نمرەکانیان ئەخاتە سەر ماڵپەڕ. بێگومان ئەو زۆر باش ئەزانێت لە کۆمپیۆتەر کەڵک وەربگرێت و وەکوو چۆن دایە ئەڵێت، ئەو هەمیشە شتێک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان دائەهێنێت، بەڵام ئەم جارە خراپتر لە هەمیشە بوو و هیوایەک بە چاک بوونەوەی نەبوو بۆیە یارمەتی کەسێکی پسپۆڕ پێویست بوو. بابەم پێی خۆش نییە کۆمپیۆتەرەکە بباتە دەرەوە بۆ سەنتەری خزمەتگوزاری کۆمپیۆتەر چاکی بکاتەوە چونکە هەندێک بەڵگەی گرنگی تێدایە کە کەس بۆی نییە بیانبینێت. سەرەڕای ئەوەش، لەو ناوەندە چەند ڕۆژ ئەخایێنێت تا چاکی بکەنەوە و بابەش هەمیشە پەلەیەتی، کەوابوو لەم جۆرە ساتانەدا، ئەبێت بانگ بکەین لە ڕیکاردۆ.

ڕیکاردۆ درواسێمانە کە لە قاتی یەکەمدا ئەژی، ئەو قوتابیەکی زۆر زیرەک بووە و ئێستا خوێندکاری پەیمانگای پۆلی تێکنیکە (بۆ ئەندازیارانی داهاتوو)، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بە شێوەی ئاسایی ئەبوایەت لەم تەمەنەدا هێشتا لە قوتابخانەی دواناوەندی وانەی بخوێندایەت. بەڵام ئەو بەم جۆرە خوشحاڵە! ئەو کاتانەی وا چاوی پێمان ئەکەوێت قسەی خۆشمان بۆ ئەگێڕێتەوە و ئێمەش هەمووومان ئەیدەین لە قاقای پێکەنین، بێجگە لەمەش، ئەو ئەتوانێت هەموو شتێک چاک بکاتەوە تەنانەت کۆمپیۆتەرەکەی بابەش.

ڕیکاردۆ هیچ کات بۆ ئەو یارمەتیانەی پارە وەرناگرێت و هەروا کە بزە لە سەر لێوی ون نابێت، جۆرێک دەس ئەنێت لە دایک و باوکمەوە کەسێک نابەڵەد بێت مێش دەرئەکات. بەڵام بابەش ئەزانێت چۆن بۆی قەرەبوو بکاتەوە. ئەوان لە پشت مێزەکەدا دائەنیشن و دەس ئەکەن بە یاری شەترەنج و هەتاکوو نیوەشەو درێژەی پێ ئەدەن، بابە سەرەڕای هەوڵەکانی هەمیشە ئەیدۆڕێنێت و ڕیکاردۆ ئەیباتەوە. ڕۆژێک لە باوەگەورەشی بردەوە!

ڕیکاردۆ لە لای ئێمە هەست بە خۆشی ئەکات چونکە ئێمە پێی پێناکەنین، لە شوێنەکانی دیکەدا خەڵک گاڵتەی پێ ئەکەن چونکە ڕیکاردۆ زۆر قەڵەوە، بێجگە لەوەش چاویلکە لە چاو ئەکات و قژیشی سوورە. کەم کەس هاوشێوەی ئەون بۆیە زۆر کەس بە بینینی ئەو دائەچڵەکێن . تەنانەت هەندێک کەس لە سەر شەقامیش ڕائەوەستن و قامکی بۆ ڕائەکێشن یان بە مۆبایل وێنەی ئەگرن . ڕیکاردۆ ناتوانێت بە خێرایی هەڵبێت بۆیە منداڵە بێ ئەدەبەکان زۆر جار ئازاری ئەدەن و بە ناو و ناتوورەی "قەڵەوە" یان "فیلە" بانگی ئەکەن لەبەر ئەوەی بکەوێتە دوایان، بەڵام ڕیکاردۆ خۆی گێل ئەکات و وای ئەنوێنێت کە نەیبیستووە و تەنیا تێئەکۆشێت خێراتر بڕوات. پاشان زۆر ماندوو ئەبێت و ئارەق لە سەرو و ڕووی ئەتکێت و ئەبێ بوەستێت و پشوو بدات.

دایە ئەڵێت ڕیکاردۆ نەخۆشینێکی هەیە پێی ئەگووترێت شەکرە! لەبەر ئەوە حاڵی باش بێت ئەبێت هەموو ڕۆژێک یان دەرزی بوەشێنێت یان شتێکی شیرین بخوات، بنەماڵەی ڕیکاردۆ هەموویان ئەم نەخۆشینەیان هەیە و گشتیان زۆر قەڵەون، تەنانەت باوکیشیان لە نەخۆشخانە عەمەڵ کردووە تاکوو گەدەی چکۆلە بکەنەوە. بە هۆی ئەوەوە ئێستا تەنیا بە قەد باڵندەیەکی بچووک ئەخوات. بەڵام بەداخەوە کێشی زۆر کەم دابەزیوە. دایکم ئەڵێت ئەوان هەموویان هەر بەم شێوەیە لە دایک بوون ڕەنگە لە داهاتوودا پزیشکەکان چارەسەرێک بۆ ئەم نەخۆشینە بدۆزنەوە. تا ئەو کاتە، ناتوانن هەندێک لە خواردەمەنییەکان بخۆن چونکە بۆ ژیانیان مەترسیدارە.

ڕۆژێک لە حەوشە سەرقاڵی یاریکردن بووم و ڕیکاردۆش لە سەر کورسییەک دانیشتبوو و کتێبی ئەخوێندەوە و چاوەڕوانی دایک و باوکی بوو. لەو لاوە کرێکارەکان سەرقاڵی هەڵکەندنی چاڵێک بوون لە ناو عەرزدا. یەکێ لە کرێکارەکان زۆر جار ڕوو ئەکاتە ڕیکاردۆ و بە قسەکانی گاڵتەی پێ ئەکات: " ئەگەر من قژی سوورم بوایەت لە شەرمەزاریدا خۆمم ئەکوشت!" بێجگە

لەوەش ئەیگوت کە دایک و باوکی ڕیکاردۆ بە دڵنیایەوە زۆر هەژارن چونکە لـە ناو ماڵەکەیاندا ئاوێنەیان نیە، ئەگـەر ئاوێنـەیان بوایـەت ئـەو ئـەیتوانی خـۆی ببینێت کە چەندە ناحەزە و سەری ئەناوەوە هەتاکوو جەمسەری زەوی.

کرێکارەکان وا بە دەنگی بەرز قاقایان کێشا کە ڕیکاردۆ بەرگەی نـەگـرت و پەنای بردە ماڵەوە، من بینیم کە لە کاتی ڕۆیشتندا سەرەتا چاویلکەکانی پاشـان چاوەکانی ئەسڕییەوە. وا دیار بوو لە داخ و شەرمەزاریدا گریـا بـوو. بـەڵام ئـەو لەبەر ئەو ڕواڵەتە تاوانبار نەبوو. بە دڵنیاییەوە ئەو ئـارزووی بـوو کـەمتـر قەڵـەو بوایەت و بیتوانیایەت هەڵبێت، باز بدات، دووچەرخەسواری بکات و ...

لـە مـاڵی ڕیکـاردۆدا هـەمـوو کـەرەسـتەکـان قـایم کـران لـەبـەر ئـەوەی نەشکێندرێن. سەندەڵیان نییە بەڵام قەنەفەیان هەیە کە لە تیکە دارێکی ئەستوور درووست کراوە، هەروەها لە حەمام و توالێت ئەبێـت کـەرەسـتەگـەلـەکـان بـە شێوازێکی تایبەت دابکووترێن کە ڕیکاردۆ و دایک و باوکی بتوانن بـە ئاسـانی لەو شوێنانە بجووڵێن. ئـەوان تـەنانـەت بـۆ لـەبـەر کردنـی پـێڵاوەکانیشـیان، پێویستیان بە کەرەستەیەکـی تایبـەتـە لـە سـیم بـۆ ئـەوەی پـێڵاوەکانیـانی پـێ هەڵکێشن چونکە ناتوانن دانەوێنەوە و دەستیان بە پایان ناگات.

دۆزینەوەی جل و بەرگ بۆ کەسانێک ئاوەهـا قەڵـەو زۆر ئـەسـتەمـە. ئـەوان هەمیشە سەردانی دووکانێکی تایبەت ئەکەن یان لای بەرگ درووە ئەسپێرن جـل و بەرگیان بۆ بدوورێت، بەڵام بۆیان گران تەواو ئەبێت.

دایە ئەڵێت ڕیکاردۆ زۆر تەنیایە هەر لەبەر ئەوە زۆر کتێب ئەخوێنێتەوە یـان بە ئینتەرنێت لەگەڵ کەسێک قسە ئەکـات، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەو حـەزی لـە مۆسیقایە و جارێک لە کێبەرکێیەکی تەلەفیزیۆنیدا بەشداری کرد. ئەو کێبەرکێیە بە شێوەیەک بوو کە ئەبوایەت ناوی گۆرانییـەک بگووترێـت، ئـەو کـەسـەی وا کەمترین هەڵەی بوایەت، ئەیبردەوە و ڕیکاردۆ بردیەوە! زۆر شانازی بەوە ئەکـەم دراوسێیەکی ئاوەها ژیرم هەیە. تەنانەت لە تەلەفیزیۆنیشدا نیشان درا.

**ئەگەر کەسێک بە ڕواڵەت وەکوو زۆربەی خەڵک نییە، مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی خراپە و ئەبێت لێی دوور بکەوینەوە. کەسێک زل لە دایک ئەبێت و کەسێکی دیکە بچووک. هەندێک کەس لووتیان درێژە و هەندێک سکیان قەڵەوە یان سەریان ڕووتە. بە هیچ جۆرێک ئەوان خۆیان بەرپرسی ئەوە نین بە تایبەت ئەو کەسەی وا بە هۆی نەخۆشین ڕواڵەتی ناحەزە، بە دڵنیاییەوە خەمبارتریشە. کەس بۆی نییە ئەو جۆرە مرۆڤانە ئازار بدات زۆر جار لە پشت جەستەیەکی زۆر ناحەزدا، زیرەکییەکی گەورە و دڵێکی گەرم شاردراوەتەوە.**



# دیداری نۆهەم: داریا



**بابەتەکان:**

سەر و سیما و کاری نائاسایی، قەرەچی، هەژاری، برسیەتی، دزی، کلیشە نەرێنیەکان، پێشداوەری، هەڵاواردن، منداڵە بێ ماڵەکان

ئەمڕۆ ڕۆژی ماڵ خاوێن کردنەوەیە، بابەم ئەڵێت لەم کاتانەدا ماڵەوە تەواو شڕ و شپرزە ئەبێت ئەویش بۆ ئـەوەی شـێت نـەبێـت بـە ئۆتۆمبیلـەکـەی ئـەڕوات و سەردانی باوەگەورە ئەکات. ئێوارە ئەگەڕێتەوە و بۆ هـەموومـان کلووچـەی زۆر بەلەزەت درووست ئەکات. لەم ماوەدا لەگەڵ دایە چاوێک ئەخشێنین بـە سـەر تا خواری کومید و کەشێوەکانیدا و کەل و پەلەکانی ناویان جیا ئەکەینـەوە و لـە ناو دوو سنووقدا دایانئەنین. لە سنووقێکدا ئـەو شـت و مـەکانـەی وا پێویسـتن ڕایانبگرین و لە ناو سنووقەکەی دیکەدا ئەوانەی وا ئیتر پێویسـتمان پێیـان نیـە، دایانئەنین.

جاری وایە ئەو شتانەی کـە زەمـانی خـۆی بـە دیـاری وەرمـانگرتوون یـان کڕیوومانە، ئێستا لە کاتی ماڵ خاوێن کردنـەوە ئەیاندۆزینـەوە، ئـەو شـتانەن وا پێویستمان پێیان نییە، هەر بۆیە جاری وایە دوو ئەوەندەی کـە پێویسـت بێـت، کتێب و لیستۆکم هەیە. چونکە گەورە بووم و ئیتر نـاتوانم یارییـان پێبکـەم یـان هیچ کات حەزم لێیان نەبووە (دایـەگـەورە ماریـا گیـان هـەمیشـە ئـەوانـەم بـۆ ئەکڕێت.) بەڵام زیاتری ئەم شت و مەکانە جل و بەرگن چونکە من بە خێرایـی گەورە ئەبم و ئیتر ناتوانم لەبەریان بکەم، دایە ئەڵێت کە نابێت فڕێ بـدرێن یـان ببرێن بۆ ژێرخان و لەوێ خراپ بن. بەڕای دایکم ئەبێـت ئـەوانـە بـدرێن بـەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی. بە دڵنیاییەوە ئەوان بەم بەخشینە ڕەزامەند ئەبـن. زۆر جار داریا لەم دەورووپشتەدا یاری ئەکات، جاری وایـە بـە درێژایـی ڕۆژ. ماڵەکەیان لەم نزیکانەیە، ماڵێکی بچووکی دارینە و هیچ کات لە ماڵـەوە تـەنیـا نیە. لە ماڵەکەیاندا هەمیشە چەند کەسێک هەن، خوشک و برا، ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا، مام و خاڵ و پوور و ... . دایە ئەڵێت کە بنەماڵەکەیان زۆر تێکـەڵاون. چونکە قەرەچین و ئەمە داب و نەریتیانە.

بنەماڵەی داریا زۆر هەژارن، تەنیا باوکی جار جار کار ئەکات و دایکیشی لە ماڵەوە ئاگای لە هەموو منداڵەکان ئەبێت. لە قوتابخانە هاوپۆلی منە بـەڵام زۆر

کەم دێتەوە بۆ کلاس، یەک جار لە حەوتوودا، تەنانـەت لـەوەش کـەمتـر. ئـەو ئەبوایە لە پۆلی سەرترەوە بوایە بەڵام نمرەکانی خراپ بوون و ئەبـێ دووبـارە بـە پێی بەرنامەیەکی سادەتر فێر بێت. خوشک و براکانیشی هەر بەم شێوەن . داریا ئەڵێت حەزی لە قوتابخانە نییە. تاقەتی نییە لە کاتی وانەکاندا ڕوو لە تەختـە لـە سەر سەندەڵی دابنیشێت. و ئەگەر لە ناو کلاسیشدا هەڵخولێت، مامۆستاکەمان تووڕە ئەبێت و بۆڵەبۆڵ ئەکات.

داریا هەمیشە لە تەواوی قسە کان بـە باشـی تـێ ناگـات چونکـە لـە مـاڵی ئەواندا، هەموویان بە زمانی قەرەچیەکان قسە ئەکەن. کە وابوو لە قوتابخانە بـێ تاقەت و ماندوو ئەبێت، وانەکان بە خراپی فێر ئەبێـت و ئـەرکـەکـانی ئـەنجـام نادات. هەروەها پیشی خۆش نییە جلەکانی بۆ ژیمناستیک بگۆڕێت بۆ ئـەوەی هەست بە شەرمەزاری ئەکات. زۆر جار کراسـەکـەی پـیس و دڕاوە، لـە مـاڵی ئەواندا ئاوی لوولەکێشی نیە، جاری وایە کارەباش نییە. کەوابوو ناکرێ هەمـوو شتێک بشۆردرێت و خاوێن بکرێتەوە.

منداڵەکانی قوتابخانە خۆشیان ناوێت، بەڕای ئەوان، داریا گەمژە و چەپـەڵ و بۆگەنە. هەر کات کەسێک ئازاری بدات سکاڵا ئەبات بۆ لای برا تووڕەکانی و ئەوانیش لەو ئازاردەرانە ئەدەن، ئەو کات ڕسواییەکی گەورە ڕوو ئەدات و هەموو ئەبێت بڕۆن بۆ لای بەڕێوەبـەر بـۆ ئـەوەی کێشـەکـە لێکبـدەنـەوە. لـەو کاتـەدا مامۆستاکەمان زۆر دڵگران ئەبێت و دایـک و بـاوکی داریـا بانـگ ئـەکـات بـۆ قوتابخانـە. پـاش ئـەو ڕووداوانـە هـەتـاکوو چـەنـدین ڕۆژ داریـا نایێتـەوە بـۆ قوتابخانە..

منداڵەکانی دیکە هەرگیز داریا بۆ ماڵی خۆیان بانگهێشت ناکەن بـۆ ئـەوەی پێیان وایە دزی ئەکات. ڕۆژێک بابۆڵەکەمی لە جانتاکـەم دەرهێنـابوو، چونکـە برسی بوو. کاتێک گێڕامـەوە بـۆ دایـە، زۆر خـەمبـار بـوو، بـەڵام لـەو کاتـەوە بابۆڵەیەکی دیکەش ئەدات بە من. بەم شێوەیە ئەتوانم خواردەمەنیەکەم لـەگـەڵ

دارییادا بەش بکەم و کاتێکیش کە لە قوتابخانە نییە ئەتوانم هەموو شتێک لەگەڵ ئەو منداڵە برسیانەی دیکە دابەش بکەم. لە کلاسی مندا، زۆر منـداڵ هـەن کـە نانی بەیانی لەماڵەوە ناخۆن و تەنانەت جاری واشـە نـانی نیـوەڕۆش نـاخۆن. دایک و باوکیان بێکارن بۆیە تەنانەت پارەشیان نییە بۆ کڕینی خواردەمەنی.

باوەگـەورە زەمانێـک کتێبێکـی وێنـەداری پـێ نیشـان دام کـە ئەیگێڕایـەوە سەردەمێک قەرەچیەکان بە گارییە بە جیهاندا ئەخولانـەوە. ئـەسـپ و ورچـی بەستراوەیان بوو.تیانەی گەورە و تاوەیان بە خەڵک ئـەفرۆشـت، قـەرەچیـەکـان داهاتوویان بە کارتگەلێک پێش بینی ئەکرد و جلی ڕەنگاوڕەنگیان ئـەفرۆشـت، بەڵام ئێستا ئەو کارانە ناکەن، کەس ئیتر نایهەوێت جـل و بـەرگ و تـاوە لـەوان بکڕێت، چونکە لە دووکانە گـەورەکانـدا (مارکێتـەکانـدا) نرخیـان کـەمتـرە و جۆراوجۆریشیان بۆ هەڵبژاردن زیاترە. لە ناوەڕاستی شارەکاندا کە ئـەوان ئێسـتا نیشتەجێن، ناکرێت ئەسپ و ورچ ڕابگرن و باری بهێنن. باوەگەورە ئـەڵێت کـە لەو کاتەوە دونیا گۆڕاوە بەڵام هەندێک کەس نایانهەوێت دان بەوەدا بنێن.


بەو هۆیەوە ئێستا زۆربەی قەرەچیەکان زۆر هەژارن و نـازانن چـۆن لـەگـەڵ کێشە جۆراوجۆرەکانیان دابێن. زۆربەشیان خوێندن و نووسـین نـازانن لـەبـەر ئەوەی نایەن بۆ قوتابخانە، بۆیە کەسیش نایهەوێت کاریان پـێ بـدات. ئـەگـەر بنەماڵەی گەورە و بەربڵاویان نەبوایە کە یارمەتیان بدات، ژیانی زۆربـەیان زۆر دژوار ئەبوو.

**ئەگەر کەسێک هـەژارە، جلـی مـۆدەی نییـە و بـۆنی خۆشـی لێـوە نایەت، بە خراپی وانە فێر ئەبێت و کـاتی لـە سـەر شـەقامـەکـان بـە فیڕۆ ئەدات، مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی خراپە و ئەبێـت لێـی دوور بکەوینەوە، هەر بنەماڵەیەک کێشەی تایبەت بە خۆی هەیـە و ئـەبـێ هـەمـوو ڕێگـەکـانی چـارەسـەر تـاقی بکاتـەوە. جـاری وایـە کاریگەریی هەیە و جاری واشە کاریگەریی نییە. بە جێگەی ئـەوەی**

**خۆمان لەو تاکە کە لە ناو چەرمەسەریدا ئەژی گێل بکەین و بە جێی بهێڵین باشتر وایە چارەنووسی بزانین و دنیاکانمان پێکەوە دابەش بکەین. ئەمە وانەیەکی زۆر گرنگە بۆ هەمووان لە ژیاندا.**



# دیداری دەیەم: مارکۆ و گابرییێلا



**بابەتەکان:**

زڕبنەماڵە، نەخۆشین، برسیەتی، سڵامەتی، ئایدز، کلیشە نەرێنیەکان، پێشداوەری، هەڵاواردن

باوەگەورە دراوسێی تازەی بۆ هاتووە. لە ماڵێکی بچووک ئەوپەڕی گوندەکـەیان زڕبنەماڵەیەک ئەژی. ئەندامانی ئەم بنەماڵەش بریتین لە دایە، بابە و منداڵەکان، بەڵام هەندێک لە منداڵەکان دایک و باوکی دیکەشیان هەیە. جاری وایە دایـک و باوکە ڕاستەقینەکان یان نایانهەوێت یان ناتوانن ئاگاداری منداڵەکانی خۆیـان بن، بۆیە ئەبێت بگەڕن بە دوای زڕبنەماڵەیەکدا هەتاکوو ئەوان وەکوو منداڵانی ڕاستەقینەی خۆیان وەربگرن.

لەو بنەماڵەی دراوسێی باوەگەورە چوار منداڵ هەن. ناوی دووانیان ئیرێنـا و پائۆلۆیە کە قژیان کاڵ و چاویان شینە، بە جـەسـتە گـەورەن و لـە قوتابخانـەی دواناوەندی وانە ئەخوێنن. بە دووچەرخەش تا قوتابخانە ئەڕۆن. ئـەو دووانـەی دیکە مارکۆ و گابریێلان کە قژ و چاویـان ڕەشـە و زۆر شـێوەی یـەکتـر ئـەدەن چونکە لفە و دووانەن بەو واتا کە دایکیان ئەوانی لە یەک ڕۆژدا بووە. ئێستا تەنیا چەند ساڵێک تەمەنیانە بەڵام کاتێک گەورەتر بن، بە هـۆی ئـەو هاوشـێوەییەوە، ئەتوانن گاڵتە بکەن جل و بەرگەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و وای بنوێنن کە ئـەمیـان ئەوی ترە . زۆر باشە، وا نیە؟

مارکۆ و گابریێلا ڕۆمانیایین و لەوێوە هاتوون و لەو زڕبنەماڵە بۆ ماوەی لانی کەم سێ ساڵ (ڕەنگە زیاتریش ئەگەر پێویست بێت ) ئەمێننەوە .

ئەوان هێشتا زمانی ئێمە نازانن چونکە تازە خەریکن فێر ئـەبـن، لـە وڵاتـی خۆیاندا بە زمانی مۆڵداوی قسە ئەکەن. دایـک و بـاوکی ڕاسـتەقینـەی خۆیـان چەندین منداڵی دیکەیان هەیـە و زۆر هـەژارن. ئـەوان بـە تـەنیـایی ئـەژیـن و منداڵەکان لە ماڵێکی تایبەت بە منداڵاندا (لەو شـوێنە هـەروەهـا منـداڵانێکی زۆری دیکە هەن کە ناتوانن لەگەڵ بنەماڵـەکـانی خۆیانـدا بـژین) و لـە مـاڵی زڕبنەماڵەکانی دیکەدا ئەژین. ئەوان زۆر دڵتەنگی یەکتر ئـەبـن و بـە دڵنیاییـەوە خەمبارن.

دراوسێ نوێکانی باوەگەورە پزیشکن، کاتێـک سـەریـان سـووک و کاتیـان

بەتاڵ ئەبێت وەکوو گاڵتەجارەکان جل ئەپۆشن و ئەڕۆن بۆ نەخۆشخانەکان و خانووی بەساڵاچوان بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بۆ نەخۆشەکان بخولقێنن. سێ ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ گرووپێکی دیکە لەم پزیشکە گاڵتەجاڕانە ڕۆیشتن بۆ ڕۆمانیا و لە ماڵێکی تایبەتدا کە لە منداڵانی تووش بوو بە ئایدز ئاگاداری ئەکرا، دەستیان کرد بە کار کردن. لەوێ چاویان کەوت بە مارکۆ و گابریێلا و خۆشیان ویستن و بڕیاریان دا بانگهێشتیان بکەن بۆ وڵاتەکەمان تاکوو بۆ ماوەیەک لێرە نیشتەجێ بن و بە ئاسوودەیی وانە فێر بن و لە ژێر چاودێری پزیشکیدا بن.

من هێشتا منداڵم و تەمەنم کەمە و نازانم چۆن نەخۆشینی ئایدزتان بۆ شرۆڤە بکەم، بەڵام باوەگەورە ئەڵێت کە نەخۆشینێکی زۆر خراپە. ئەگەر نەخۆشەکان بەردەوام دەرمان نەخۆن تەنانەت هەڵامەتێکی بچووکیش زۆر بۆیان مەترسیدار ئەبێت. نەخۆشە ئایدزییەکان زۆر جار زۆر لاواز و خەمبارن و ئەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن. زۆربەی خەڵک زانیارییان سەبارەت بە نەخۆشیەکە نییە و لە نەخۆشەکان دووری ئەکەن، لەبەر ئەوەی خۆیان تووش نەبن! تەنانەت ناوێرن باوەشیشیان پێدا بکەن و لەگەڵیان دەس و موشتاق بکەن یان خواردن بخۆن. بەڵام کەس بەم شێوە تووش نابێت! دراوسێکانی باوەگەورە ساڵەهایە لەگەڵ ئەم نەخۆشانە ئەژین و کار ئەکەن بەڵام ساغ و سڵامەتن.

باوەگەورە ئەڵێت کە لە ڕۆمانیا هەزاران نەخۆشی تووش بوو بە ئایدز هەن. زەمانێک لەو وڵاتە مرۆڤگەلێکی خراپ حکوومەتیان ئەکرد و بوون بە هۆی هەژاری و برسیەتی خەڵک، تەنانەت لە ماڵی منداڵان ئەوەندە خواردن نەبوو کە بەشیان بکات. کە وا بوو کەسێک بیرو ڕایەکی دەربڕی، ئەویش ئەوە بوو کە خوێن بدەن بەو منداڵانە، هەر وەک چۆن لە نەخۆشخانەکان ئەم کارە ئەکرێت بۆ ئەوەی نەخۆشەکان بەهێز بکرێن، کەوابوو خوێنیان دا بەو منداڵە برسیانە، بەداخەوە خوێنەکان تا ڕادەی پێویست کونتڕۆڵ نەکران و پێش تاقی کردنەوە، ئەو خوێنانەی وا لە تووشبوان بە ئایدز گیرا بوو، درا بەو منداڵە بەستەزمانانە.

بەو هۆیەوەوە زۆربەیان نەخۆش کـەوتـن. ئێسـتا گـەورە بـوون و زۆرجـار ئـەم نەخۆشینە ئەگوێزنەوە بۆ منداڵانی خۆیان. چارەسەری ئەم کێشە زۆر ئەستەمە. لە هەموو دونیادا نەخۆشینی ئایدز ئەبێت بە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ. خەڵک لەو جۆرە نەخۆشانە و تەنانەت لەو پزیشکانەش وا دەرمانیـان ئـەکـەن، ئـەترسـن . زۆرجار نایانهەوێت منداڵە ساغەکانیان بنێرن بۆ ئەو قوتابخانـەی وا منـداڵانی نەخۆشی ئایدزی تێدایە، جاری واشە بنەماڵەی نەخۆشەکان لە شوێنی گشـتی دەر ئەکرێن. بۆیە ئەم جۆرە نەخۆشانە و بنەماڵەکانیان زۆر چارەڕەشن . جـاری واشە بۆ ئەوەی کارەکەیان لە دەس نەدەن یاکوو ناچار بە کۆچ و پەنابەری نەبن، نەخۆشینەکەیان ئەشارنەوە.

ئەم ڕاستییە بە لامەوە تاڵە کە لە نەخۆشەکـانی دیکـە پارێزگـاری ئـەکرێـت بەڵام خەڵک لە نەخۆشە ئایدزییەکـان ئـەترسـن،. تـەنانـەت ئـەوان ئـازاریش ئەدرێن و کەس پێی خۆش نییە لە سەر ڕێگاش بیانبینێت.

بۆیە نەخۆشە ئایدزییەکان وا بیر ئەکەنەوە کـەس ئـەوانـی ناوێـت و ئـەوان کەسانێکی خراپ و مەترسیدارن، ئەوە درۆیە!

مارکۆ و گابرییێلاش نەخۆشی ئایدزین، بـەڵام بـە یارمـەتیـی زڕبنـەماڵـە و دەرمانە چاکەکان، حاڵیـان باشـە و ڕەنگـە زەمانێـک چـاک ببنـەوە. ئـەوان بـە ڕواڵەت هەر وەکوو منداڵە ئاساییەکانن و وەکوو ئەوانیش یاری ئـەکـەن. کـەس بەسەرهاتیان نازانێت، تـەنانـەت بـە مێشکیشـیاندا نایـەت کـە ئـەوان ئـاوەهـا نەخۆشن و ڕەنگە بە زوویـی بمـرن. بـاوەگـەورە ئـەڵێت کـە زۆر بـاش ئـەبـوو لەگەڵیان ببین بە هاوڕێ بۆ ئەوەی ئەوان دڵنیا بن کە لە ناو ئەشق و ئاسـوودەییدا ئەژین و ئەگەر تووشی کێشەیەک بن، کەسانێکی ناسراویان هەیـە کـە ئاوڕیـان لێ بدەنەوە و پاڵپشتیان بن. بۆ بەخێرهاتنیان، باوەگەورە کـەیکی سـێوی بۆیـان برد. کاتێک خوو بگرن بە شوێنە نوێکەیان، منیش بۆ ناسینی مارکۆ و گـابرییێلا و زڕبنەماڵەکەیان لەگەڵ باوەگەورە ئەچم بۆ لایان.

**ئەگەری ئەوە هەیە هەر کەسێک نەخۆش بکەوێت. تەنانەت نەخۆشینی ئایدزیش، تۆ، نزیکەکانت، ئەندامانی بنەماڵەکەت، ناسراوەکانت. ئەگەر تەنانەت کەسێک نەخۆشینێکی سەختی تووش بوو مانای ئەوە نییە کە ئەو خراپە و ئەبێت لێی دوور بکەوینەوە. بوونی کەسانێکی تر، هاوکاری لەگەڵیان، یاری کردن لەگەڵیان، هەر جۆرە تێکۆشانێک بەو نەخۆشانە یارمەتی ئەدات خێراتر چاک ببنەوە یاکوو لانیکەم حاڵیان باشتر بێت. بوونی ئێوە و زەردەخەنەیەکیش ئەتوانێت بۆ ئەوان وەکوو دەرمان بێت.**



## دیداری یازدەهەم: ئێمیلیا



**بابەتەکان:**

دەوڵەمەندی، تەنیایی،
دایک و باوکی تەنیا،
تەڵاق، خەوشدار کردن،
زەم کردن

قوتابخانەکەمان چکۆلەیە، بۆیە هەمووومان تا ڕادەیەک یەکتر ئەناسین، هەروەها دایک و باوک و ماموستاکانیشمان، چونکە ماڵمان لە یەک نزیکە، جاری وایە ئەم نزیکایەتییە باشە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بێت تێنووسێک لە یەکتر قەرز بکەیەن یان یارمەتیەکمان پێویست بێ، مەجبوور نین تا شوێنی دوور بڕۆین. زۆر جار یەکتر بە سەر ئەکەینەوە و لەبارەی هەموو کەسێکەوە هەموو شتێک ئەزانین. دەی تا ڕادەیەک! بەڵام ئێمیلیا و دایکیشی هەن. ئەوان برێک سەیر و گوماناوین.

ئێمیلیا لەگەڵ دایکی و خزمەتکارێکدا ئەژی، تەنیا چەند مانگە هاتوون بۆ ئێرە. دایکی ئەکتەرە و زۆر جار بە ئۆتۆمۆبیل ئەڕوات بۆ شوێنی فیلم یان شانۆ. ئەو کاتە خزمەتکارەکەیان ئاگای لە ئێمیلیا ئەبێت، کارەکانی ناو ماڵ ئەنجام ئەدات و خواردەمەنی بۆ ئێمیلیا ساز ئەکات، یارمەتی ئەدات ئەرکەکانی قوتابخانە ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر پێویست بێت، دێت بۆ قوتابخانەش تا چاوی بە مامۆستاکان بکەوێت، بەڵام وا دیارە کە ئەوان یەکتریان خۆش ناوێت چونکە ئێمیلیا هەرگیز لەبارەیەوە قسە ناکات، ئێمە تەنانەت ناوی خزمەتکارەکشیان نازانین.

زۆر کەم دایکی ئێمیلیام بینیوە. لە تەلەفیزیۆنەوە باشتر ئەیناسم چونکە لە درامایەک سەبارەت بە منداڵان ڕۆڵ ئەگێڕێت. کاتێک ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دیارە زۆر ماندوو ئەبێت چونکە زۆر کەم لە ماڵ دێتە دەرەوە. کاتی پیاسەکردن لەگەڵ ئێمیلیا هەمیشە چاویلکەی بەر خۆری لە چاودایە، سەیرە، وا نیە؟ ڕەنگە نەیهەوێت کەس بیناسێتەوە؟ بەڵام هەموو بە هەر جۆرێک بێت ئەزانن ئەوە و بە چپەچپ لەبارەیەوە قسە ئەکەن و کاتێک خۆی نەیبینێت و ئاگای لێ نەبێت ئەنگوستی بۆ ڕائەکێشن چونکە ئەستێرەیەکی ڕاستەقینەیە.

جل و بەرگەکانی ئێمیلیا هەمیشە زۆر جوانن، کۆڵێک کراس، بلووز و پانتۆڵی هەیە کە لەم دووکانە ئاساییانەدا لە کڕین نایەن. دایە ئەڵێت کە ئەو

جلانە زۆر گرانبایین و هەموو کەسێک هێزی پێی ناشکێت بیانکڕێت. بەڵام ئێمیلیا بەڵێ ئەتوانێت بۆ ئەوەی بابەی لە دەرەوەی وڵات کار ئەکات و پارەی زۆر وەدەس ئەهێنێت و دیاری زۆر بە نرخی بۆ ئەنێرێتەوە. دایکیشی هەروەها پارە ی باش وەرئەگرێت بۆیە پێویستیان بە دەس پێوەگرتن نییە و ئەتوانن بە ئارزووی دڵیان هەر شتێکیان پێ خۆشە بیکڕن وەکوو جل و بەرگی مۆدە، سووراوسپیاو یان هەر شتێکی دیکە.

کاتێک لە تەلەفیزیۆن ڕێکلامی مۆبایلێک یان لیستۆکێکی نوێ بڵاو ئەبێتەوە هەموومان ئەزانین کە بە زووترین کات لە بەردەست ئێمیلیادایە و هەموو هاوپۆلەکان بانگهێشت ئەکات بۆ ئەوەی شت و مەکە نوێکانی نیشانمان بدات.

منداڵەکانی کلاس زۆر خۆشیان ناوێت چونکە ئێمیلیا زۆر لە خۆباییە. تەنیا کاتێک شتێکی پێویست بێت لەگەڵ هەمووان دلۆڤان ئەبێت (بۆ نموونە کاتێک بیهەوێت ڕاهێنانەکانی کەسێک کۆپی بکات یان بۆ نیشان دانی شتە نوێکانی میوان بانگهێشت بکات). ئەو کات شیرینی ئەهێنێت بۆ قوتابخانە و قەرزی ئەو کەسانەی وا قەرزداری بووفەی قوتابخانەن، ئەداتەوە. بە هەندێک لە کچەکان ئەڵێت کە باشترین هاوڕێن بەڵام زۆر بە خێرایی لە بیری ئەکات و بێ ئەوەی چاوەڕێیان بێ تەنانەت قسەشیان لەگەڵ ناکات.

کچەکانی کلاس ئەڵێن کە پێموابێ ئێمیلیا باوکی نییە و ئەو پیاوەی وا لە دەرەوەی وڵات دیاری بۆ ئەنێرێتەوە، تەنیا، هاوڕێی دایکیەتی. باوکی خۆی لەگەڵیاندا ناژی چونکە دایک و باوکی لە یەک جیا بوونەتەوە. هەندێک کەس پیان وایە کە ئیتر ئەوان یەکتریان خۆش ناوێت، هەندێک کەسی تریش ئەڵێن کە دایکی ئێمیلیا لەگەڵ پیاوانی دیکەدا زۆر هاتووچوو ئەکات بۆیە کەس بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا نامێنێتەوە. نازانم ئەمە چۆن ڕوو ئەدات بەڵام باوەگەورە ئەڵێت کە جارجار گەورەکان کێشەی جیدیان هەیە و منداڵەکان ناتوانن لێی

تێبگەن .

ئێمیلیا تا ئێستا چەند شـاری گـۆڕاوە. تـەنانـەت دایکـی هـەمـوو سـاڵێک گرێبەستی شانۆیەکی نوێ واژۆ ئەکات و بـەم بۆنـەوە شـوێن ئـەگـۆڕن. ئـەمـە ناخۆشە چونکە تەنانەت ئەوان فریاش ناکەون لەو شوێنەدا وا ئـەژیـن لـەگـەڵ کەس ببن بە هاوڕێ و ئەبێت دوای ماوەیەکی کـورت بگوێزنـەوە. پێموایـە بـۆ ئەوەیە ئێمیلیا نازانێت لەگەڵ هاپۆلەکانی لە کلاس ببێت بە هاوڕێ. بـە کـورتی بیڵێم ئەو هەرگیز فێر نەبووە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کەسێک بمێنێتەوە.

کاتێک خزمەتکارەکەیان سەری سووک ئەبێت، ئێمیلیا ئەتوانێت لـە ماڵـەوە هەر کارێک حەزی لێیە بیکات. مەجبوور نییـە هـەر دەم و دەس ئـەرکـەکـانی قوتابخانە ئەنجام بدات، تەنانەت شەوانەش ئەتوانێت تماشای فیلم بکات، ئەو فیلمانەش وا تایبـەت بـە گـەورەکانـە. مـافی ئـەوەشـی هەیـە شـت و مـەکـی جۆراوجۆر لە ڕێگەی تەلەفێزیۆنـەوە بکڕێـت. لـە چێشـتخانە یـاری بکـات و یەکێک لەو یاریانەش، یاری کۆمپیۆتـەرە. لـە نـاو هـەمـوو ماڵـەکـەدا کۆڵێـک کەرەستەی یاری بڵاو ئەبێتەوە و ئێمیلیا مەجبـور نییـە کۆیـان بکاتـەوە چونکـە خزمەتکارەکەیان ئەم کارە ئەکات.

وام بیر ئەکردەوە کە ژیانی ئێمیلیا پڕلە خۆشیە، بەڵام دایە پێی گـوتم کـە بـە دڵنیاییەوە ئەو زۆر بەدبەختە. هەر کات بیهەوێـت ناتوانێـت بـاوەش بکـات بـە دایک و باوکیدا، پێکەوە پیاسە ناکەن و ناچن بۆ سینەمـاش. پێکـەوە لـە ماڵـەوە خواردن ناخۆن. ئەندامانی بنەماڵە یەک نـابینن. کاتێـک ئێمیلیـا لـە شـوێنێک لەگەڵ دایکی دەرئەکەوێت، خەڵک تماشایان ئەکەن و لـەبارەیانـەوە بـە خراپـە باس ئەکەن و بیرو ڕا دەرئەبڕن کە بە دڵنیاییەوە خۆش نیە. باوەگەورە ئـەڵێت کـە ئێمیلیا تێ ئەکۆشێت ئەشق و هاوڕێیەتی بکڕێت، بەڵام ئەمە قەت بەدی نایە.

هەندێ منداڵ هەن کە تەنیا لەگەڵ باوکیان یان دایکیان ئەژین. هەندێک لـە دایکان و باوکان لە یەکتر جیا ئەبنەوە و تەنیا یەکێکیان ئاگاداری منداڵەکەیان لـە

ئەستۆ ئەگرێت. بەڵام هەموو وەکوو ئێمیلیا و دایکی دەوڵەمەند نین . زۆر دایک و باوک هەن کە یەکتریان زۆر خۆش ئەوێت بەڵام باوکەکان بە هۆی بێکارییەوە ئەبێت سەفەر بکەن بۆ دەرەوەی وڵات و لەساڵدا تەنیا چەند جار ئەتوانن بنەماڵەکەیان ببینن. زۆرێک لەو بنەماڵانە بەم جۆرە بڵاوە ئەکەن و منداڵەکان بەو هۆیەوە بەدبەخت ئەبن، زۆر جار ئاستی فێربوونیان نزم ئەبێتەوە، مادەی هۆشبەر بەکار ئەهێنن یان لەگەڵ کەسانێکی خراپدا ئەبن بە هاوڕێ.

لە بارەی ژن و مێردی بێ منداڵ و بە تایبەت دەوڵەمەندەکان، قسە و قسەڵۆک زۆرە کە بەمە ئەگوترێت (زەم کردن)

**ئەگەر کەسێک بتوانێت هەموو شتێک بکڕێت مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی بەختەوەرە، ئەو دایک و باوکانەی وا لە یەکتر جیان، تەنانەت ئەوانە وا زۆر دەوڵەمەندیشن زۆر جار پێویستیان بەوەیە زیاتر تێبکۆشن چونکە ئەرکیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەوە زیاترە. منداڵەکانیان کەل و پەلی زۆریان هەیە بەڵام دایک و باوکیان لە لایان نین . ماڵیان خاڵی لە ئەوین و سۆزی بنەماڵەییە، کەوابوو تەنانەت ئەگەر ڕاهاتن لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە دژواریش بێت باشتر وایە بە هاوڕێیەتی پشتیان بگرین و ورەیان بەرز کەینەوە بۆ ئەوەی دڵەراوکێ جۆراوجۆرەکانیان وردە وردە لێ دوور کەوێتەوە. کەس نازانێت بڕیارە چی ڕوو بدات.**




# دیداری دوازده هەم : ڕۆبێرتۆ

**بابەتەکان:**

**کار و ڕواڵەتی نائاسایی،**

**شێرپەنجە، مەرگ،**

**کلیشە نەرێنیەکان**



ڕۆژێک لە حەوشە سکەیتم ئەکرد و کەوتم، کاتێک هەستامەوە، هەستم کرد قاچم برینـدار بـووە و سـەرم ئێشـێت. دایـە زۆر پـەرۆش بـوو و بـە ئۆتۆمبێـل گەیاندمیە نەخۆشخانە.پێشتر قە ت نەچبوومە ئەوێ بۆیە ئەترسام. سـەرەتـا لـە ڕیزێکی دوور و درێژدا ماتڵ بووین، خاتوونێکی دلۆڤان ویستی کە دایە چەنـد بەڵگەنامە واژۆ بکات و پاشان ڕێنوێنی کردین کـە ئـەبـێ بچـین بـۆ لای کـام پزیشک. چووینە سەرەوە تا نهۆمی یەکەم، لەوێ بـەڕێز دوکتـۆر وەری گـرتین. زۆر قسە خۆش بـوو و زۆریـش قسـەی کـرد! بـەڕێز دوکتـۆر ئـەیگوت کـە بـە دڵنیاییەوە یان لەسەر دایناسۆڕەوە کەوتوومەتە خوارەوە یان لەگەڵ کەشتی فەزایی پێکدادانم بووە و ئەو ئەبێت هەموو گیانم برین پێچ بکات. تەنانەت دایەش کـە نیگەران بوو، زەردەخەنەیەک گرتی چونکە ئەیزانی دوکتۆر گاڵتە ئەکات.

بەڕێز دوکتۆر خێرا دەرمانی ساوی بە قاچمدا و بـرین پێچـی کـرد. بڕێـک ئێشی هات، بەڵام ئەوەندە پەشۆکا بووم کە تەنانەت نەشگریام. پاشـان لـەگـەڵ دوکتۆر بە سانابەر چووین بۆ ژوورێکی تاریک و لەوێ خاتوونێـک بـە تیشـک وێنەی لە سەرم گرت، بەوە ئەگووترێت ڕادیۆگرافی و هەرگیز ئێشیشی نیـە! لـەو ماوەی کە خاتوونەکە سەرقاڵی ئامادەکردنی وێنەکە بوو ئەبوایە لـە ڕێـڕەوەکـەدا چاوەڕێ بین.

لـەوێ کوڕێـک قسـەی لـەگـەڵ کـردم و گـوتی: "سـڵاو کامـا! وادیـارە نامناسیەتەوە". "ئای خودایە، بەڕاستی"! ئەوە ڕۆبێرتۆ بوو لـە قوتابخانـەکـەمـان. پێشتر لە کاتی پشوودا جارجار پێکـەوە یاریمـان ئـەکـرد، بـەڵام دەمێکـە بـوو نەمدیبوو.

ئەبێت دانی پێدا بنێم کە لێرە سیمای زۆر سەیر دیـار بـوو و ئـەگـەر قسـەی لەگەڵ نکردبایەتم، بە بێ ئەوەی ئاوڕی لـێ بـدەمـەوە لـە لایـەوە تێئـەپـەڕیم و تەنانەت نەشمەویست قسەی لەگەڵدا بکەم.

ڕۆبێرتۆ جلی نەخۆشخانەی لەبەردا بوو و تاڵێک موو بە سەریەوە نەمـابوو و

نە برۆی بوو نە برژانگ. لە ڕێڕەوەکەدا زۆر بە هێواشی ئەڕۆیشت و مێڵەیەکی بڵیندی هەڵگرتبوو، کیسەیەکی سەیری پلاستیکی کە بەسترابووەوە بە شلینگێکەوە لێی هەڵواسرابوو و بنی شلینگەکەش لە ژێر جلەکانیدا بوو[1].
خاتوونێک بە جلی ڕەنگیەوە ئەوی بۆ ژووری ڕادیۆگرافی ڕێنوێنی کرد. کاتێک لەوێ هاتە دەرەوە لە تەنیشت من دانیشت و ئەویش چاوەڕێ بوو، لەم ماوەدا توانیمان بڕێک قسە بکەین. نەمئەزانی سەرەتا چی لێ بپرسم بەڵام وا دیار بوو کە ڕۆبێرتۆ خۆی ئەیزانی و عادەتی بەم جۆرە پرسیارانە بوو. خۆی دەستی کرد بە گێڕانەوەی هەموو شتێک بۆم...

چەند مانگ لەمەوپێش لە کاتی ژیمناستیک کەوت و نەیتوانی هەستێتەوە. پزیشکەکان بە کامیونێتێکی سپی کە ئاژیری ئەکێشا[2] هاتن و بردیان بۆ نەخۆشخانە. لەوێ پشکنینی خوێنیان بۆ ئەنجام دا. وێنەی ڕادیۆگرافیان لێ گرت و زۆر بە وردی هەموو پشکنینەکانی دیکەشیان بۆ ئەنجام دا. کاتێک دایکی هات بۆ لای پزیشکەکان قسەیان لەگەڵدا بکات، سەرەتا زۆر لە ژورەکەیان مایەوە و پاشان بە گریانەوە هاتە دەرەوە و باوەشی کرد بە ڕۆبێرتۆدا . بەڕێز دوکتۆر پێی گوتبوو کە ڕۆبێرتۆ تووشی شێرپەنجە بووە و ئەگەر بەخێرایی دەرمانەکان بەکار نەهێنێت، ئەمرێت.

نازانم بە وردی نەخۆشی شێرپەنجە شی بکەمەوە، باوەگەورە پێی گوتم کە بەم جۆرەیە، وەکوو ئەوەی بوونەوەرێکی بچووک لە دەروونتا هێلانەی کردبێت، سەرەتا خەوتووە بۆیە بە زەحمەت تێئەگەیت کە لەوێیە. بەڵام دوای ئەوەی خەبەر ئەبێتەوە زۆر تووڕەیە و دەس ئەکا بە قەپ گرتن و لەناوبردنی ئەوەی مرۆڤ لە ناو سک و سەر و تەواوی جەستەیدا هەیەتی. نەخۆشینەکە بەڕاستی

---

١- سۆرۆم
٢- ئامبۆڵانس


زۆر مەترسیدارە و بۆیە نەخۆشەکە، ئەندامانی بنەماڵەکەی و ئەو کەسانەی وا ئاگاداری لێ ئەکەن، زۆر بە ئەستەم هەموو شتێک تێئەپەڕێنن.

بۆ ئەوەی نەخۆشینەکەی ڕۆبێرتۆ لە نەخۆشخانە دەرمان بکەن، لە سەرووی ئەو لامپێکی تایبەتیان هەڵکردووە و کۆڵێک حەبیان دەرخوارد داوە، کاتێک ئەمانە کاریگەرییان نەبووە، شلینگێکی ناسکیان لە سینگیدا داناوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە ئێستا دەرمانەکانی پێ ئەگات. هەر لەبەر ئەوە ڕۆبێرتۆ لاواز بووە. هەموو ئەم کارانە ئێشی زۆری پێ ئەگەیەنێت و هەموو قژی وەریوە. لە نەخۆشخانە، لەو بەشەی وا ڕۆبێرتۆی لێیە، منداڵان و کەسانی گەورەی زۆری تێدایە کە وەکوو ئەو کەچەڵن بەڵام هیچکام لەوان بەوە نە پێئەکەنن و نە پێیان سەیرە، چونکە ئەزانن ئەم نەخۆشینە وایان بەسەر ئێنێت.

بەڕێز دوکتۆر گوتی کاتێک ڕۆبێرتۆ چاک بێتەوە، مووی سەری دووبارە دەردێتەوە بەڵام ناتوانن دڵنیا بن کە قژی وەکوو جاران ئەبێتەوە. جاری وایە قژ بە ڕەنگێکیتر دەردێتەوە یان گرژ و زبر ئەبێت، سەرەڕای ئەوەی پێشتر بە جۆرێکی دیکە بووە.

نەخۆشینێک وەکوو نەخۆشینەکەی ڕۆبێرتۆ دەرمانی درێژخایەنی ئەوێت. تەنانەت چەندین ساڵ، ماوەیەک لە نەخۆشخانە، ماوەیەک لە ماڵەوە. بەم بۆنەوە ڕۆبێرتۆ ناتوانێت ئێستا بێتەوە بۆ قوتابخانە. لە نەخۆشخانە قوتابخانە هەیە بەڵام تەنیا یەک کلاسی هەیە و هەموو قووتابیەک لە هەر تەمەنێکدا لەو کلاسەن. هەروەها شوێنێکی یاری کردن هەیە کە تیایدا نەخۆشەکان لە تەلەفزیۆن، کۆمپیۆتەر یان لیستۆکەکان کەڵک وەرئەگرن. بەڵام جاری وایە ئەوەندە لاوازن و هەست بە ئێش ئەکەن کە ناتوانن تا ئەوێش بێن. کەوابوو لە جێگاکەیاندا ڕائەکشێن و حەزیان لێ نییە لەگەڵ کەس قسە بکەن.

**ئەگەر هەڵسووکەوتی کەسێک جۆرێکی دیکە دێتە بەرچاو بە هۆی ئەوەوە کە نەخۆشە مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسێکی خراپە و ئەبێت لێی دوور بکەوینەوە. گرنگ نییە کە ئەو لەماڵەوە نەخۆشە یان لە نەخۆشخانە. لە هەر شوێنێک بێت پێویستی بە یارمەتییە، نەک هەر تەنیا یارمەتی پزیشک و پەرەستارەکان. مرۆڤ ئەتوانێت هەموو کات زەردەخەنەیەک بەو نەخۆشە پێشکەش بکات یان حەقایەتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ بگێڕێتەوە. ئەگەر تەنانەت ئەو نەخۆشە هێز و توانای ئەوەشی نەبێت یاری بکات ئەتوانرێت ئەو نەخۆشە بخڵافێنرێت. بارودۆخی ژیانی باشتر بکرێت و بە بوون لە لای ئەو لانیکەم وزەی پێ ببەخشرێت.**



# دیداری سێزدەهەم : هێنرِیکۆ، لاورا و دارو دەستەکان

**بابەتەکان:**

**نەریتی لابەلا، کار و سیمای نائاسایی، ناکۆکی نێوان بەرەی کۆن و نوێ، کلیشە نەرێنیەکان، توندوتیژی**



لە شەقامەکەماندا مرۆڤگەلی جۆراوجۆر ئەبینرێن. زۆر حەزم لێیە سەیری جل و بەرگەکانیان بکەم. باوەگەورە ئەڵێت لە ڕووی جۆری جل پۆشانی کەسێکەوە ئەتوانی کەسایەتی و ئامانجەکانی ژیانی بناسی. جاری وایە منداڵەکانیش وەکوو گەورەکان جل لەبەر ئەکەن، لانیکەم لە دوورەوە وا دیارە. پێموابێ گەورەکان بیرۆکەیەکی باشتریان نییە بۆیە خۆیان و منداڵەکانیان یەک جۆر جل لەبەر ئەکەن، یان ڕەنگە بەڕادەی پێویست پارەیان نیە.

زۆرترین جیاوازی لە ناو قوتابییەکانی قوتابخانەی ناوەندی ئەبینرێت. هەندێک زۆر حەزیان لەوەیە جلەکانیان تەواو جیاواز لە خەڵکی‌تر بێت و گرووپ پێک ئەهێنن بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە سەربەخۆن. تەنانەت ئەگەر کەسێک لە دووریشەوە بیانبینێت ئەزانێت لە کام گرووپن و بە چیەوە سەرقاڵن.

باوەگەورە ئەڵێت بەمە ئەگووترێت نەریتی لابەلا یان دارودەستە. کچان و کوڕانی لاو جارجار باندەکەیان ئەگۆڕن و زۆرجار کە تەمەنیان زیاتر ئەبێت، ئیتر حەزیان لەم شتانە نیە، سەرنجڕاکێشە، نا؟

لە سەر پێڕەوەکەی بەر ئاپارتمانەکەماندا کوڕان زۆرجار بە جلی وەرزشیەوە ڕاوەستاون. سەریان تاشراوە و جگرە ئەکێشن. هەندێکیان کڵاوی سپی یان ڕەنگییان لە سەردایە، زۆر جار وشەی خراپ بەسەر زاریان دێ و گوێ لە مۆسیقای سەیر و سەمەرە ئەگرن. کەسێکیان دوو تەپڵە لێ ئەدات و هەندێک شێعر لەبەر ئەڵێتەوە (بەڵام شێعرەکان لەو شێعرانە ناچن کە لە قوتابخانە ئەیخوێنین، دوورودرێژترن و بۆ منیش دژوارن). ئەو کوڕانە پاش وانەکانیان سەرقاڵییان نییە و دایک و باوکەکانیشیان زۆرجار بێکارن ـ لە قوتابخانە تا ڕادەیەک هەموو لێیان ئەترسن. بەڵام دانیشتوانی شەقامی ئێمە یەکتر ئەناسن کەوابوو ئەگەر کەسێک لەو کوڕانە بێ ئەدەبی بکات، تەنیا ئەوەندە بەسە سکاڵا بەرن بۆ لای دایک و باوکی و ئەو ئیتر هێور ئەبێتەوە، لانیکەم بۆ ماوەیەک.

ئەو کوڕانە وا جلی وەرزشیان لەبەردایە خۆشیان لە شاڵ لەملەکان نایەت.

بابە ئەڵێت کە ئەو شاڵ لەملانـە لایـەنگرانـی تـوپی پـێن و یانـەی تایبـەت بـە خۆیانیـان هەیـە و لـە کـاتی کێبـەرکێکانـدا، تیپـەکـانی خۆیـان لـە شـارە جۆراوجۆرەکاندا هاوڕێیەتی ئەکەن. کاتێک بە شەقامەکاندا تێئەپەڕن، هەمووان خۆیانیان لێ ئەپارێزن چونکە ئەوان بە دەنگی بەرز ئەقیڕێنن و گۆرانی ئـەڵێن و وشەی ناحەز بەکار ئـەهێـنن و ئـەگـەر کـەسـێک ئازاریـان بـدات، تـەنانـەت لەگەڵیشیا دەس بە ئێخە ئەبن. زۆر جار مەستن و زبڵدانەکان ئـاگر ئـەدەن یـان شووشەی ئۆتۆمۆبێلەکان ئەشکێنن، بۆیە پۆلیس ناویان تۆمار یان کەلەبچـەیان ئەکات.

لە دەورووبەریماڵەکەماندا زۆر جـار هێنریکـۆ و لاورا دیـارن. ئـەوانـیش دارودەستەی خۆیانیان هەیـە و کاتێـک لـەگـەڵ گرووپـەکـەیان لـە قوتابخانـە ئەگەڕێنەوە یان لەو دووروبەرەدا ڕائەوەستن و سەرقاڵی قسەکردن ئەبن، خـەڵک ئەیانناسنەوە . باوە ئەڵێت کە کچان و کوڕانی گەنج لەم تەمەنـەدا زۆر خۆشـیان لە گەورەکان نایەت، جاری وایە ئـەتـۆرن و مـەشـرەفیـان ئـەگوڕدرێـت. ئـەوە نیشانەی پێگەیشتنە. کچان و کوڕان لەم تەمەنەدا سـەروچـاو زیبکـاوین و زۆر کات لەگەڵ دایک و باوکیان دەمەقاڵەیانە. هێنڕیکـۆ لـەگـەڵ دایکـی و لاوراش لەگەڵ باوکی. ئەم شەڕ و دەمەقاڵێ زیاتر ئـەو کاتانـەی ڕوو ئـەدات کـە ئـەوان درەنگ ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە یان دایک و باوکیان نایانەوێـت بـۆ کڕینـی بلیتـی سینەما پارەیان پێ بدەن.

هێنڕیکۆ حەزی لێیە بە دەنگی بـەرز گـوێ لـە مۆسـیقای گرووپـە سـەیر و سەمەرەکان بگرێـت، ئـەو پیـاوە قـژ درێژانـەی وا گیتـار ئـەژەنـن و دەنگێکـی گوێدڕیان هەیە. هێنڕیکۆ ئەڵێت تەنیا کاتێک ئەتوانێت بیت بە ئەویـنداری ئـەم جۆرە مۆسیقایانە کە بە دەنگی بەرز گوێیان لێ بگری. کاتێـک لـە بـاوەگـەورەم پرسی، مرۆڤ چۆن ئەتوانێت ئەویندارى مۆسیقا بێت، تەنیا پێکەنـی و گـوتی، ئەوە تەنیا قسەیە. مرۆڤ ئەتوانێت بە دڵ مۆسیقا، نیگارکێشی، فیلم یـان کتێبـی

خۆش بوێت بەو واتا کە لێیان تێبگات و لەگەڵیان بژی کـەوابـوو هێنڕیکـۆ زۆر جار لەگەڵ ئەوە ئەژی بەڵام دایکی بۆڵەبۆڵ ئەکات بـۆ ئـەوەی هـەراوهوریـای زۆرە و لە دواییدا لـە دەس هێنڕیکـۆ شـێت ئـەبـێ و هـەمیشـەش بـەم بۆنـەوە هەراوزەنایەکی گەورە دەس پێئەکات.

تەنانەت ئەگەر هەواش گەرم بێت، هێنڕیکۆ ژاکەتێکی ڕەشی چـەرم لـەبـەر ئەکات لەگەڵ بلووزی ڕەش و پـێڵاوی درێـژی ڕەشـی چـەرم. قـژی درێـژە و لەسەر باسکیدا ڕەسم گەلێکی سەیری کێشاوە وەکوو ئەستێرەی بچووک، پیت و ئاژەڵەکان (تەنانەت ئەژدیهایەکی سەوزی بچووکیش!) باوەگەورە ئەڵێت کە بەوە ئەگوترێـت تـاتۆ (خـاڵکووبی)، بـە دەرزی و دەوات ئـەکێشـرێت و لـە کـاتی کێشانیشیدا ئێشی زۆرە. دەی هێنڕیکۆ ئەڵێت کە کچانی لاو زۆر حەزیـان لـەو شتانەیە و کاتێک ئەمیش تەمەنی زیاتر بێت، بێجگە لەمـە، لووتـەوانـەی نـوقرە دائەنێت. ئەو کات وەکوو مۆسیقاژەنە بەناوبانگەکەی تەلەڤیزیۆن دێتە بەرچاو.

لاوراش هـەمیشـە جلـی ڕەشـی لـەبـەردایـە. قـژی درێـژ و ڕەنـگ کـراوە. دەمووچاوی سپی هەڵگەڕا و برۆ و برژانگیشـی زۆر ڕەنـگ ئـەکـات. لـە سـەر ڕوومەتی جارجار وێنەی فرمێسـکێک یـان دڵێکـی سـوور ئـەکێشـێت. شـتی زۆریش بەخۆیدا هەڵئەواسێت وەکوو گوارە و ملوانکە. حەزی لـەوەیـە شـێوەی بووکەڵە ژاپۆنیەکان یان قارەمانەکانی ناو حـەقایـەتـە ئاسـیاییەکـان بـدات. ئـەو خۆشی لە مۆسیقاکانی هێنڕیکۆ نایەت، چونکە حەزی لە گۆرانیە ژاپونیـەکـانی ناو ئینتێرنێت، فیلمە خەیاڵییەکان و کارت پۆستاڵەکانە. جارێک ناسـیاوەکـانی بانگهێشت کرد و خواردنی ژاپۆنی بۆ ساز کـردن کـە پێـک هـاتبوو لـە بـرنج، قەوزەی دەریا و ماسی نەکوڵاو، ئەی باوکـە گیـان، تۆقێنـەرە، هـەرگیـز شـتی وا ناخۆم. بەڵام باوەگەورە ئەڵێت کە بەوە ئەگوترێت سووشی و زۆر بەلەزەتە.

**ئەگەر کەسێک جلی سەیر لەبەر ئەکات و لەگەڵ کەسانی نائاسایی هامۆشۆ ئەکات بەو واتا نییە کە کەسێکی خراپە و ئـەبێـت خۆمـانی**

**لێ بپارێزین. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە دڵی خۆی جل بپۆشێت، قژی شانە بکات، مۆسیقا گوێ بگرێت و لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی وا حەزی لێیە هاتوچوو بکات. ئەگەر هەموو کەس وەکوو یەک جلیان لەبەر بکردایە یان یەک جۆر هەڵسووکەوتیان بوایەت ژیان زۆر بێزارکەر ئەبوو. بە لوتفی مرۆڤە جیاوازەکان و ویستە جۆراوجۆرەکانیانەوە دونیا خۆشتر و ڕەنگیترە.**



# دیداری چواردەهەم: بنەماڵەی پوورە هێرتا



**بابەتەکان:**

**مەرگ، شەڕ، جیاوازی زمان و ئایینەکان، بیرەوەریی باو و باپیران، کلیشە نەرێنییەکان و پێشداوەری**

هەمیشە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر بۆ داگرساندنی مۆم لە سەر قەبرەکان ئەچین بۆ گۆڕستان. لەو کاتەدا زیاتر لە هەمیشە ئەکەوینە بیـری مـردووەکـان. ڕێـک و پێک سەردانی قەبری ئەندامانی بنەماڵـە ئـەکـەین و پیایانـدا ئـەگـەین.(ڕۆژی مردووەکان لە هەندێک لە وڵاتەکاندا بۆنەیەکی نەتەوەییـە کـە بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ"سی ئۆکتۆبرەوە تا دووی نۆڤەمبەر" لە هەموو بانک و ڕێکخراوەکان پشووە. لەم بۆنەدا خەڵک سەردانی مردووەکانیان ئەکەن، کێلەکانیان خاوێن ئەکەنەوە و لە سەریاندا گوڵ دائەنێن و بـە داگرسـاندنی مـۆم و خوێنـدنی دۆعـا، ڕێـز لـە بیرەورییان ئەگرن) بەڵام بێجگە لـەوە لـە نوڤەمبـەردا سـەردانـی قـەبـری ئـەو کەسانەش ئەکەین کە من لە ڕێی گێڕانەوەکانی باوەگەورە و دایـک و باوکمـەوە، ئەیانناسم، ئەو چەکدارانەی وا لە شەڕدا کوژران، بناغەدانەرانی شارەکەمان، .... هەمیشە سەردانی قەبری پوورە هێرتا و مامە ڕۆمووئالدۆ ئەکەین.

ئەو کاتەی وا من هێشتا زۆر بچووک بووم (ئەوەندە بچـووک کـە تـەنانـەت بیریشم نییە) جارجار قورگم ئەهاتە ئێش بۆیـە نـەمئـەتـوانی هـەمـوو ڕۆژێـک بچمەوە بۆ باخچەی ساوایان چونکە زۆربەی ڕۆژەکان نەخـۆش بـووم. دایـە و بابە نەیانئەتوانی لە ماڵەوە ئاگایان لێم بێت چونکە کاریان ئەکرد کەوابوو تکایان ئەکرد لە بنەماڵەی دراوسێمان لەو کاتەی وا ئەمان لەسەر کارن ئاگایان لـە مـن بێت. بنەماڵەکە بریتی بـوون لـە کـەسـانێکی زۆر سـەیر، پـوورە هێرتـا، مامـە ڕۆمووئالدۆ و منداڵەکانیان. باربارا، ئیرێنا، پێترۆ و ئێدواردۆ.

پوورە هێرتا لە ئاڵمان لە دایک بووە. باوکی کرێکاری کانگا بوو و کاتێک لـە پۆڵەندا لە کانگای خەڵووزبەردینە کار نەبوو، بە بێ ماتڵبوون کۆچی کرد بۆ ئەو پەڕی سنوور لە ئاڵمان و لەوێدا نیشتەجێ بوو. پوورە هێرتای منداڵ لە حەوشـە لەگەڵ ئەو منداڵانەی دیکە یاری ئەکرد و زۆر بە باشی فێر بوو بە زمانی ئاڵمانی قسە بکات. ئەو بە زمانی ئاڵمانی باشتر لە زمانی پۆڵـەنـدی ئـەدوا چونکـە لـە قوتابخانەکان، دووکانەکان و لە سەر شەقام هەمووان بەم زمانە قسەیان ئـەکـرد.

بەڵام ڕۆژێک شەڕ دەستی پێ کرد و ئەبوو هەموویان بگەڕایێتنەوە بۆ پۆڵەندا.

مامە ڕۆمووئالدۆ ڕووس بوو. کاتێک شەڕ دەستی پێکرد ئەبوو چەند ساڵ لە سپادا خزمەتی بکردایە. کاتێک شەڕ تەواو بوو لەشکرەکەیان لەو شارەی وا ئێستا ئێمە نیشتەجێین وەستانەوە، پاشماوەکانی شەڕ وەکوو بۆمب و مینی زۆر لەوێ ئەدۆزرایەوە. مامە ڕۆمووئالدۆ و هاوڕێکانی فەرمانیان پێگەیشت کە ئەم شارە بچووکە لەو پاشماوانە خاوێن بکەنەوە. بە داخەوە ڕۆژێک مینێک تەقییەوە و بە توندی بریندار کرد.

لە نەخۆشخانە مامە ڕۆمووئالدۆ لەگەڵ پوورە هێرتا ئاشنا بوو. پوورە هێرتا چەند مانگ پارێزگاری لێ ئەکرد، خواردەمەنی پێئەدا، برینپێچەکانی ئەگۆڕی و ئەیبرد بۆ پیاسەکردن و هەوا هەڵمژین. مامە هەرگیز وەک پێشوو چاک نەبووەوە و ئیتر نەیویست بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی. بەختەوەرانە لەگەڵ پوورە هێرتا ئەویندراری یەکتر بوون، بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن و لەم شارەی ئێمەدا بۆ هەمیشە پێکەوە بژین.

هەموو دانیشتوانی شار خۆشیان نەئەویستن[1] لە زەینی دانیشتوانی ئەم شارە بچووکەدا هێشتا بیرەوەرەی تاڵی ئەو چەکدارانەی سپا جیاوازەکان کە لە شەڕەکاندا ماڵەکانیان لە سەر ڕێگاکەیاندا ئەسووتاند و زۆر کاری ناحەزیان ئەکرد، ماوەتەوە. پوورە هێرتا و مامە ڕۆمووئالدۆ بە زمانی پۆڵەندی بە باشی قسەیان نەئەکرد بۆیە زۆرجار وەکوو بیانی هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا ئەکرا. بەڵام کاتێک بنەماڵەیان پێک هێنا و چەندین ساڵ لەم شارە بچووکەدا کاریان کرد. لەگەڵ زۆر کەس بوون بە هاوڕێ، یارمەتیان ئەدان و لە دواییدا وەکوو دانیشتوانی کۆنی ئاسایی وەرگیران. یەکێک لەو هاوڕێیانەیان باوەگەورە بوو کە

---

١ـ پۆڵەندا "کەکامیلا تیایدا ئەژی" لە بەین ئاڵمان و ڕووسیادایە ـ لە بەین ئەو دوو وڵاتەدا شەڕی زۆر ڕووی داوە، بە هۆی ئەوەوە ، زۆر جار پیرەکانی هەر سێ نەتەوەکە ساتە سەختەکانی مێژوو وەبیر ئەهێننەوە و لە بەرانبەردا هەمیشە متمانە بە یەکتر ناکەن.

بێجگە لە ئێسپێرانتۆ چەند زمانی دیکەش ئەزانێت، بۆیە توانیان بە ئاسانی پێکەوە پێوەندی بگرن.

باربارا، ئیرێنا، پێترۆ و ئێدواردۆ لە ماڵێکدا لە دایک بوون و گەورە بوون کە بە سێ زمان قسە ئەکرا. ئاڵمانی، ڕووسی و پۆڵەندی. زۆر باشە، وا نیە؟ بەڵام ساڵانی زوو ئەمە شتێکی باش نەبوو. باوەگەورە گێڕایەوە کە زۆر کەس حەزیان بەمە نەئەکرد. کەوابوو تەنیا لەبەر ئەوەی کە جارجار لە پەیدا کردنی وشەیەک بۆ دەربڕینی بیر و بڕوایان سەرکەوتوو نەئەبوون، هێندێک بە خراپی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ئەکردن و ئەیانگوت کە ئەوان سیخوڕ یان خەیانەتکارن، تەنیا مامۆستاکانی قوتابخانە لە سەختیەکانی ئەو منداڵانە تێئەگەیشتن و هەوڵیان ئەدا یارمەتیان بدەن.

باوەگەورە ئەڵێت کە پاش شەڕ یان هەر نەهامەتییەکی دیکە، مرۆڤەکان لە چارەنووسیان ئەترسن چونکە بەردەوام ئەو ساتە تۆقێنەرانەی ڕابردوویان وەبیر دێتەوە. ئەو کات هێندێک دوژمنانە هەڵسووکەوت ئەکەن و تەنانەت ئەو منداڵانەش کە بە هۆی هەڵەکانی دایک و باوک و باوەگەورە و دایەگەورەیان بە خەتاباریان ئەزانن، ئازار ئەدەن کەوابوو باربارا، ئیرێنا، پێترۆ و ئێدواردۆ کێشەی زۆریان بوو، نەک هەر تەنیا بە هۆی زمانەکەیانەوە. بەڵکوو بە هۆی ئایینەکەشیانەوە.

پووره هێرتا پەروەردەی ئایینی کاتۆلیک بوو و مامە ڕۆمووئالدۆش ئۆرتۆدۆکس. ئەو دوو ئایینە زۆر لە یەک ئەچن بەڵام مرۆڤەکان دان بەوەدا نانێن و ئەیانهەوێت کە هەمووان وەکوو ئەوان عیبادەت بکەن. لە ماڵی پووره هێرتا و مامە ڕۆمووئالدۆ منداڵەکان هەمیشە لەگەڵ دایک و باوکیان بە یارمەتی کتێبە جیاوازەکان کە بە ئەلفووبێی جیاوازەوە نووسراون دۆعا ئەکەن و بە زمانی جۆراوجۆر سروود ئەخوێنن. تەنانەت لە هەندێک لە جەژنەکاندا دووجار بەشداری ئەکەن چونکە ڕۆژژمێری ئەم دوو ئایینزا جیاوازە، کەوابوو لە

ڕۆژانێکی جیاواز، بەڵام هەر بۆ یەک بۆنە جەژن ئەگیرێت.

کاتێک باربارا، ئیرێنا، پێترۆ و ئێدواردۆ پێگەیشتن، بنەماڵەی خۆیانیان پێک هێنا و منداڵەکانی خۆیانیان فێر کرد کە ڕێز لە هەموو ئایینێک بگرن، چونکە ئەزانن کە هەموو ئایینەکان بە بایەخن. دایە ئەڵێت کە ئەوە زۆر باشە، چونکە ئەمڕۆکە زیاتر لە پێشوو ئەتوانیت مرۆڤگەلێک ببینیت کە باوەڕەکانیان جیاوازە - ئەوان لە وڵاتانێکەوە دێن کە بە زمان و شێوازی جیاواز عیبادەت ئەکەن. بە بۆنەگەلی جۆراوجۆرەوە جەژن ئەگرن و ڕێز لە کتێبە پیرۆزە جیاوازەکان ئەگرن. بەڵام هەر جۆرێک بێت وەکوو هەموو شوێنێک، ئەیانهەوێت کە بە ئاشتی و خۆشی بژین.

باوەگەورە ئەڵێت کە لە سەر قەبری پوورە هێرتا و مامە ڕۆمووئالدۆ مۆم دائەگیرسێنین بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە خۆشمان ئەوێن، یادیان ئەکەین و ڕێزیان لێ ئەگرین هەر وەک چۆن ئەوان منداڵەکانیان وا فێر کردووە و بەها بەرزەکانی بنەماڵەکانیان گواستووەتەوە.

**مرۆڤگەلێکیش کە بە زمانی جیاواز قسە ئەکەن و بە شێوازی جیاواز عیبادەت ئەکەن، ئەیانهەوێت کە لە ئاشتی و ئارامیدا بژین. ئەگەر کەسێکت خۆش بوێت گرنگ نییە کە ئەو چ ئایینێکی هەیە یان لە کام بەشی جیهانەوە هاتووە، تەنیا ئەوە گرنگە کە ئەو چ جۆر مرۆڤێکە و بۆ خۆی و نزیکەکانی ئەیەوێت چ داهاتوویەک درووست بکات.**



# دیداری پازدەهەم: کیم، ئالێکس و ئێلینا



**بابەتەکان:**

**پەنابەران، شەڕ، کارەساتی سروشتی، هەژاری، ڕەگەزپەرەستی، هەڵاواردن، لە خۆ دوور کردنەوە، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کەم ئەندامی، مەرگ، ئازار بە هۆی بیرەوەرییەوە**

بە زوویی پشووی هاوینە ئەگاتە بەرۆ و من بێ ئۆقرە چاوەڕوانم !  چونکـە ئیتـر مەجبوور نیم بەیانی زوو لە خەو هەستم و بڕۆمەوە بۆ قوتابخانـە و ئـەتـوانم بـە درێژایی ڕۆژ یاری بکەم یان کتێب بخوێنمەوە. سـاڵی ڕابـردوو لـە مـاوەی دوو حەوتوو لە ئوردووودا بەشداریم کرد. ئـەو ئـوردووە چاوپێکـەوتـن لـەگـەڵ ئـەو منداڵانەیە کە بێ هاوڕێیەتی دایک و باوکیان، لە نێو ماڵی بچووکی داریـن یـان ژووری قوتابخانە ئەمێننەوە، مامۆستا و خوێندکارەکـان ئاگایـان لیـان ئـەبێـت. بەرنامەیەکی (ئوردوویەکی) زۆر خۆش و دڵڕفێن بوو چونکە کۆڵێـک سـەیران، یاری و کێبەرکێمان بوو. من لەگەڵ چەندین منداڵی هاوتەمـەنـی خـۆم دیـدارم کرد.

ئێستا ئیتر بە وردی هەموو بەشدارەکانم لـە بیـر نییـە، بـەڵام لـە هـەمـووی خۆشتر ئەوە بوو کە لەگەڵ منداڵانی وڵاتانی دیکەدا یاریم ئـەکـرد. بـاوەگـەورە ئەڵێت کە ناسینی ئەو کەسانە باشە چونکە ئەتوانیت شتی زۆریان لێوە فێر بیـت پاشان ئەتوانن وێنە بنێرن یان بۆ هەواڵپرسی یەکتر لە وڵاتانی دوورەوە تەلەفـۆن بکەن. هاوڕێیەکانی من لەو ئوردووەدا کیم، ئالێکس و ئێلینا بوون.

کیم خەڵکی وییێتنامە. ئەو لە چاو منداڵانی هاوتەمەنی خۆی کورتـەبـاڵاترە چونکە خەڵکی ئەو هەرێمە بە بەراوەرد لەگەڵ ئێمەدا جـەسـتـەیان چکۆلـەتـرە. قژێکی ڕەشی زبر و چاوێکی تەنگ و تیلی هەیە و پێستیشی برێک لـە پێسـتی من بۆرترە. کاتێک هاتن بۆ ئێرە، لە سکی دایکیدا بوو و لێرە لە دایک بـوو. بـەو هۆیەوە ئیجازەی نێشتەجێ بوونیـان پێـدرا و دایکـی مـافی ئـەوەی پەیـدا کـرد بنەماڵەکەشی بێنێ. کیم زۆر باش بە زمانی ئێمە پێوەندی ئەگرێت و هـەروەهـا دەسـەڵاتی بـە سـەر زمـانی وییێتنامیشـدا هەیـە. لـە قوتابخانـەی ئێمـەدا وانـە ئەخوێنێت و هەمووان زۆر خۆشیان ئەوێت چونکە زۆر دلۆڤانە.

دایک و باوکی کیم چێشتخانەیەکی بچووک بەڕێوە ئەبـەن. ئـەوان لـەوێـدا چێشتی بەتام لێ ئەنـێن. بـە شـێوازی وڵاتـی خۆیـان هـەزوێلـەی تێئـەکـەن.

باوەگەورە گێڕایەوە بۆم کە لە ویێتنام خـەڵک بـەجێگـەی نـان، بـرنج ئـەخـۆن. تەنانەت ئەگەر هەواش گەرم بێت حەزیـان لـە سـووپی گـەرمـە. بـە جێگـەی کەوچک و چەنگاڵ بۆ نان خواردن لە دارگـەلێکـی باریـک و بچـووک کـەڵک وەرئەگرن. سەیرە، نا؟ کـیم فێـری کـردم چـۆن بـەو دارانـە نـان بخـۆم، بـەڵام سەرکەوتوو نەبووم. پرشەپرش هەموو دەورووبەرو و تەنانەت جلەکانیشم پـیس کرد. هەموومان پێکەنین بەڵام کیم گوتی کە ئەگەر پرۆڤە بکـەم، بـە دڵنیاییـەوە سەرکەوتوو ئەبم.

ئالێکس و ئێلینا لە شوێنی پەنابەران نیشتەجێن. ئەوێ ماڵێکی تایبـەتـە کـە ئەو کەسانەی وا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە هاتوون مافی ئەوەیان هەیە لـەوێـدا بمێننەوە. ئەم مرۆڤانە ئەبێت ڕایان کردبێ یان بە هۆی شـەڕ یـان کـارەسـاتێکی گەورە هەموو سامانەکەیان بە تایبەت ماڵـەکانیـان لـە دەس دابـێ ( بـۆ نموونـە لافاو، ئاگر و تەقینەوەی ناوەندی ئـەتـۆمی) . زۆربـەیان نـاتوانن هـیچ شـتێک لەگەڵ خۆیان بێنن، بۆیە زۆر هەژارن. هەندێکیان پێشتر لە کەمپی پەنابەران لـە وڵاتانی دیکەدا نیشتەجێ بوون. ئەوان بە زمانی جیاواز قسـە ئـەکـەن، بـەدوای کاردا ئەگەڕن و زۆر دڵتەنگی کەسە نزیکەکانیانن. باش ئەبوو ئەوانمان بهێنایـە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بەردەوام بمێننەوە بـەڵام کـەس نـازانێ ئایـا ئـەمـە ئـەکرێـت؟ کەوابوو متمانەیەک نییە کە ئەوان پاش ساڵێک یان تـەنانـەت چـەنـد ڕۆژ لێـرە ئەمێننەوە.

سەبارەت بە کاروباری پەنابەران، مرۆڤگـەلێکـی دڵسـۆز لـە سـەرانسـەری جیهاندا هەن کە لە ڕێکخراوە پسپۆڕەکاندا کار ئەکەن. ئەوان هـەر دەسـبەجـێ لەو شوێنانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتی پەنابەران ئەدەن، شـارۆچکە لـە خێوەت درووست ئەکەن، خواردەمەنی، دەرمان و جل و بەرگ دابەش ئەکـەن. ئەگەر کەسێک نەخۆشینێکی سەختی بێت یان مرۆڤگـەلێکـی خـراپ ئـازاری بدەن، جاری وایە ئەبێ ئەو کەسە خێرا بگوازرێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە. ئەو کات

کارمەند و خۆبەخشەکان لەو ڕێکخراوانە بەڵگەنامەی پێویست بۆ ئەو کەسانە ئامادە ئەکەن و بۆ سەفەرەکەیان بلیت وەرئەگرن، بەڵام هەمیشە ئەم جۆرە یارمەتییانە جێبەجێ نابێ.

هەندێک لەو پەنابەرانە لە کەسانێکی خراپ و ناپاک ئەخوازن بێ بەڵگەنامە یارمەتیان بدەن و لەو وڵاتە کە بۆیان مەترسیدارە دەربازیان بکەن بۆیە پارەیەکی زۆریان پێ ئەدەن و خۆیان لە ناو کامیۆنەکاندا یان لە ناو کەشتی حەشار ئەدەن و لە کاتی شەودا تێدەکۆشن بە نهێنی لە سنوور تێپەڕن و بڕۆن بۆ وڵاتێکی دەوڵەمەندتر کە لەوێدا لە هێمنی و پارێزراویدا بژین. ئەو کات، زۆرجار پۆلیس کەلەبچەیان ئەکات و ئەیانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوەو تەنیا هەندێکیان سەرکەوتوو ئەبن شوێنێکی باشتر بۆ ژیان پەیدا بکەن بەڵام زۆرجار ئەوانیش بە هۆی ئەوەوە کە بەڵگەنامەیان نییە زۆر ئەترسن ڕۆژێک دەرکەون و بیانبەن بۆ بەندیخانە یان بیانگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی وا لێوەی هەڵاتوون.

مرۆڤگەڵێک هەن کە جگە لەوەی پەنابەرانیان خۆش ناوێ بەڵکوو بە گشتی ڕووی خۆش بە بیانیەکانیش نیشان نادەن. بە هۆی ڕەنگی پێست یان چاویان ئازاریان ئەدەن و بە ناو ناتۆرە بانگیان ئەکەن وەکوو ڕەشە، زەردۆڵە، سپیە (پێوەندی بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە!) و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەوان باش نین، گێلن و مرۆڤگەلێکی کەم بایەخن. بەوە ئەگوترێت ڕەگەزپەرەستی.

ئالێکس و بنەماڵەکەی لەدایک بووی ئافریقان. پێستی ڕەش و قژێکی سەرنجڕاکێشیان هەیە. منیش حەزم ئەکرد وا بوایەم! ئالێکس کوێرە. کاتێک کە زۆر بچووک بوو بە هۆی برسیەتیەوە نەخۆش کەوت و کەس نەیتوانی دەرمانی بکات. ڕێکخراوەیەک ئەوی لەگەڵ بنەماڵەکەی هێنا بو ئورووپا، بەڵام لێرەش کەس نەیتوانی دەرمانی بکات چونکە نەخۆشینەکەی زۆر ئاڵۆز بوو. لەم ماوەدا، لە وڵاتەکەیان شەڕ دەستی پێکرد بۆیە ئیتر نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و لە وڵاتی ئێمەدا مانەوە لانیکەم تا ئەو کاتەی کە وڵاتەکەیان هێمن

بېێتەوە.

ئێلینا لە چێچێنەوە هاتووە. (وڵاتێکە لە ئاسیادا) . دایک و باوکی نیە. باوکی لە شەڕدا کوژرا و دایکیشی گیانی لە دەس دا، کاتێک بۆمب تەقیەوە بە سەر ماڵەکەیاندا و ڕووخانی. ئێلینا دایکی لە ژێر ماڵە ڕووخاوەکەیاندا دی، بەڵام کەس ئیتر هیچی پێ نەئەکرا بە هۆی ئەو ڕووداوەوە هەڵسووکەوتی ئێلینا ئێستا بڕێک سەیرە. کاتێک لە ئوردووەکەماندا کێبەرکێی وێنەمان بووو تا ڕادەیەک هەموو منداڵەکان وێنەی گوڵ و دەریا و لیستۆکی ڕەنگاوڕەنگیان کێشا . تەنیا وێنەکانی ئێلینا هەمیشە ڕەش بوون . لە وێنەکانیدا، خانووی سووتاو، فڕۆکەگەلی بۆمب هاوێژ و مرۆڤ گەلێکی مردوو بوون. شەوانە ئێلینا زۆرجار لە کاتی خەونەوە ئەقیژێنێت و پاشان هەتاکوو بەیانی بەردەوام ئەگری.

**ئەگەر کەسێک ڕەنگی پێستی جۆرێکی دیکەیە. لە شوێنێکی دوورەوە دێت یان لە شوێنێکی نائاسایی نیشتەجێیە بەو واتا نییە کە ئەو خراپە و ئەبێت لێی دوور بکەوینەوە. لە هەموو وڵاتێکدا هێمنی و ئاسوودەیی، کار و خواردەمەنی بەڕادە نییە. کەسانێکی زۆر بە دوای یارمەتی و بارودۆخی ژیانێکی باشتر لە شوێنێکدان کە لەوێ کەسێکی دیکە بتوانێت ئاگاداریان بێت و سامان و داراییەکەیان لانیکەم بۆ ماوەیەک لەگەڵیاندا دابەش بکات. ئەم جۆرە کێشانە لە ڕێی هەموماندایە کەوابوو یارمەتی پەنابەران ئەرکێکی مرۆیی و سروشتیە.**



# دوا وتاری نووسەر بۆ ئێوە



**خوێنەرانی ئازیز!**

کامیلا چیرۆکی دیدارەکانی خۆی لەگەڵ مرۆڤە جیاوازەکانـدا بۆتـان گێڕایـەوە. ئەوان ئەو کەسانەن کە بە جۆرێک لە دەورووبەرەکانیان جیاوازن. بـە دڵنیاییـەوە لـە جێگـەی نیشـتەجـێ بوونتـان و لـە بنـەماڵـەکـەتانـدا، لـە نـاو ناسـراو و هاوڕێکانتاندا، ئێوەش چاوتان بە مرۆڤە جیاوازەکان کـەوتـووە. ڕەنگـە خۆتـان زۆر جیاوازتر لەوان بزانن، چ باشتر!

بە هۆی مرۆڤە جیاوازەکانەوە دونیا سەیرترە و هەموو ڕۆژێک دەرفەتی ئەوە بۆ مرۆڤ ئەرەخسێنێت کە لەگەڵ ئەو مرۆڤە تاقانانەدا دیدار بکات و ژیان و کێشەکانیان بناسێت. بە دڵنیاییەوە زۆرێک لەو جۆرە مرۆڤانە ڕۆژانە لە سەر شەقامەکاندا پیاسە ئەکەن و ئێوەش ئەیانبینن. هەندێکیشیان لە ڕێی کتێب و تەلەفیزیۆن و ئێنتێرنێت و گێڕانەوەی گەورەکان و هاوتەمەنەکانتانەوە ئەناسن.

هیوادارم کە هەر چیرۆکێک هەلێکتان بۆ بڕەخسێنێت بۆ فێربوونی شتێکی نوێ لە بارەی ئەو جۆرە مرۆڤانەوە. داب و نەریتیان و کێشەکانیان. هەرچەندە باشتر بیانناسن سەرەڕای جیاوازیەکان ئاسانتر ئەتوانن لێیان تێبگەن. لە ناسین و تێگەیشتنەوە بگرە تا هاوڕێیەتی و دۆزینەوە خاڵە هاوبەشەکانی دونیای سەیر و گەورەمان هەر تەنیا هەنگاوێکی بچووکە. هیودارم کە ئەزموونەکانی ئێوەش لەم جۆرە بێت.

پڕێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی



**لەبارەی نووسەرەوە: پژێمسیواو پاوڵ گژیبۆڤسکی**

دۆکتۆرای فەنی پەروەردە و فێرکاری منداڵان، پرۆفیسۆری زانکۆی کازێمیر ویالکی لە بیدگۆسز (پولەندا) یە. ئەو هۆگری (فێرکاری بەراوەردکردن و نێوان فەرهەنگی) یە. پارچە وتووێژکانی "میدز کولینک" لە زنجیرە دانیشتنەکانی مامۆستایانی لاو لە کۆمیتەی زانستی فێرکاری ئاکادمی زانستی پۆلەندا رێکدەخات. بەرپرسی سەنتەری ئاکادمی خۆبەخشەکان لە زانکۆی کازێمیر ویالکیە. ئەو هەروەها خۆبەخشی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی دۆکتۆر-گاڵتەجارەکانی پاچ ئادامزە. مامۆستای ئێسپێرانتۆ، وتاربێژ، ڕۆژنامەوان و وەرگێڕ و لە داهێنانەکانی فێرکاری جۆراوجۆر لە وڵاتانی بڕازیل، چین، فەڕانسە، پێروو، ڕۆمانیا و ویێتنام بەشداری کردووە.

ڕێگەی پێوەندی: diferenculoj@gmail.com

**لەبارەی وێنەکێش: لوسنیا فیس**



وێنەکێشی کەم ئەندامی ئاماتۆری دانیشتووی بارسین (پولەندا). ئەو زۆر حەزی لە نامەنووسین بە هەر شێوازێک، هونەر، ئەدەبیاتی باش و باشترین هاوڕێیەتیە. ئەو کۆمەڵێک وێنەی بە ناوی (چوار وەرزی ساڵ) کێشاوە. لەگەڵ چەندین پۆرترە و شتی زۆری دیکە. ئەو بە ڕەنگی ڕۆنی، پاستێلی وشک و ئاکریلی و میداد وێنە ئەکێشێت. تەکنیکی هەڵبژاردەی ئەو نەقاشی ئاوڕەنگە.